# بناوانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا

**ادریس حەمراد مجید، کاروان عمر قادر**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** زمان بە شێوەیەکی گشتی، هەم لە داڕشتنیدا و هەم لە بەکارهێنانیدا چەندین بیروباوەڕی هەمەچەشن، وەك بناوان خۆیان لە داڕشتەی ئاستەکانیدا چڕکردوەتەوە، بەمشێوەیە، هەم داڕشتەی زمان و هەم بەکاربردنی، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چەشن و جۆری ئەو بیروباوەڕەیی، کە کەرەستە و قاڵبەکانی داڕشتوە و بڕیار لەسەر بەکاربردنیشیان دەدات. یاساکانی داڕشتنی ڕستە (کە زمانە) و بەشەکانی ڕستە ( فرێزەکان) ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە دەوروبەرەوە، لە هەموو دەوروبەرەکانیش کاریگەرتر (لەیەنی دەروونی مرۆڤە) ئەم بیروباوەڕەش لە چێوەی چەمکێکی تیۆرییانەدا لە کۆزمانەوانیی درکپێکردندا کاری تێدادەکرێت (ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی) سەرناویەتی. گرنگیی توێژینەوەکە لە شرۆڤەکردنی ئەو لایەنە گرنگەی زمانی کوردییە، بە شێوەیەک هەم ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی بناوانی داڕشتە زمانییەکانی بنکۆڵبکات و هەم ئەو ئایدیۆلۆژییە زمانەوانییەش شیتەڵبکات، کە بەکاربردنە جوداکانی زمانی کوردی دیاریدەکات، لە لایەن ئاخێوەران و گروپە کۆمەڵایەتییە جوداکانەوە. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەم تایبەتە بە (بناوانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا). بەشی دووەمیش پێکدێت لە (ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییە جیاوازەکان لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا، کە تایبەتە بە هەریەک لە ئایدیۆلۆژییەکانی (ڕاسیزم و فێمێنیزم و کۆزمانەوانی و ئایین و ئایینزاکان و ئایدیۆلۆژی زمانەوانی)، لەگەڵ ئەنجام و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**کلیلە ووشەکان-** زمانەوانیی درکپێکردن، کۆزمانەوانیی درکپێکردن، ئایدۆلۆژیای زمانەوانی، فۆنۆلۆژی، فۆنێم.

## پێشەکی:

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە خۆیدا بە چەمککردنی خودی زمان و ئاخێوەرانی زمان و بەکاربردنە لۆژیکییەکانی ئاخێوەرانی زمانە. بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت: ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی چەپکێک بیروباوەڕە، لەبارەی زمانبەکارهێنان، لە لایەن ئاخێوەرانەوە، پەیبردنیان بۆ زمان زیاتر وەک داڕشتەی زمانی ئاوەزمەندییانەی درکپێکراو و پاساو بۆهێنراوەیە، کە توانای بەکاربردنیان بۆی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەم چەمکە خۆی وەک گورزەیەک بۆچوون و تێڕوانین دەنوێنێت، کە ئاخێوەران لەبارەی زمانەوە هەیانە لە چێوەی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین. بێگومان ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیش، وەک هەر جۆرێکی تری ئایدۆلۆژی، ڕاستەوخۆ کاریگەرە بە گرنگیپیدانە ڕامیاری و ئاکارییەکان. بەستنەوەی بۆچوون و درکپێکردنەکانی ئاخێوەرانی زمانێك لەبارەی خودی زمانەکەیانەوە بە پێتە کۆمەڵایەتییەکان و پێڕەوە کولتوورییەکانی کۆمەڵ لە بنەڕەتەوە ئەو ئاخێوەرانەی لێوە هاتوون، ئەرکی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییە. کەواتە بڵاوبوونەوە و بەشداری چەمکە هەستپێکراوە باوەکان لەبارەی سروشتی زمانەوە لە جیهاندا بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی دەخولقێنیت. لەم ڕاڤانەی چەمکی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییەوە، ئەوە پاساودان دەبن، کە ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو گۆڕانکارییانەیە، لە سەر فۆنێمەکانی زمان دروستدەبێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و بنەمایەکی ڕوونی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییە لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا. بە جۆرێک شێوازبەندی پەیڕەوی دەنگەکان دوو ئاڕاستە دەگرنەوە، یان بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی ڕێکخراوەیی پێکهێنەرەکانیەتی، کە فۆنێمەکانن لە تەک یەکتریدا، یان بۆ پەیوەندی لە کارابوون و کارکردنیان لە بەجێهێنانی ئەرک و گۆکردنیاندا. لەم تێگەیشتنەوە ئەم ناونیشانە مەبەستیەتی، چەمکی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا، وەک بناوانێکی بنەڕەتی، هەم لە داڕشتن، هەم لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا شرۆڤە بکات.

### ١. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا، وەکو کارێکی سەربەخۆ ئاوڕێکی ئەوتۆ و سەربەخۆی لێنەدراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت، بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەربکرێت. جگە لەوەش، بە پێی زانیارییەکانی ئێمە لە ڕوویی پسپۆڕییەوە، تا ئەم ساتە هیچ پسپۆڕییەک نەهاتووەتەبەرهەم. بۆیە لەم سۆنگەییەوە، ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لەو خەمخۆرییە و بەدواداچوونی.

### ٢. گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، لە ڕێگەی دوو چوارچێوەی چەمکی سەرەتاییەوە ڕێنماییمان دەکەن، کە چۆن لە ڕۆڵی زمان تێبگەین لە داڕشتن و ڕەنگدانەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایانەی، کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ هەیە. لەم ڕوانگەیەوە ئایدۆلۆژیی، وەک کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەها و بیرۆکە سەیردەکرێت، کە بە زماندا تێدەپەڕێن، بەبێ ئەوەی مەرج بێت بخرێنە ژێر پرسیارەوە، یان شیکارییان بۆ بکرێت.

### ٣. سنوری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنوری ڕێزمان و واتادا لە چوارچێوەی ڕێبازی توێژینەوەی خودی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن (کۆزمانەوانیی درکپێکردن) لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانی و هەولێردا پەیڕەودەکرێت.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp160-170
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 7 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 4 آب 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : karwan.qadir@univsul.edu.iq, edris.h.murad@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2026 ادريس حەمراد مجيد، كاروان عمر قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## ٤. پرسیاری توێژینەوەکە:

- ئایا ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بناوانێک، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بەکارهێنانی فۆنۆلۆژیی ؟
- ئایا توێژینەوەیەکە دەبێتە بناوانێک بۆ ئەوەی قسەکەر لە سەر بنەمایەکی دیاریکراو فۆنێمەکان گۆبکات ؟
- ئایا ئەم توێژینەوەیە ڕێگە دەدات، هەر گروپێک ئایدیۆلۆژیی زمانیی تایبەت بە خۆی هەبێت ؟
- ئایا ئەم توێژینەوەیە چارەسەری گرفتەکانی فۆنێمەکانی زمان دەکات ؟
- ئایا ڕەنگدانەوەی لە سەر هەڵبژاردنی سیاسەتی زمان و بونیادنانی زمانی ستاندارد هەیە ؟

## ٥. میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی (شیکاری درکپێکراوی کارەکییانە)دا ئەنجامدراوە.

### ١/ بەشی یەکەم: بناوانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا:

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژیدا، لە چۆنیەتی و گۆڕانکاری و کاریگەریی هەریەک لە فۆنێمەکانی زمانی کوردی، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییەوە و چۆنیەتی بوون بە بەشێک لە ئاخاوتن و ئەو گۆڕانکارییانەی، کە هەریەک لە ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ڕاسیزم، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی فیمینیزم، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی کۆزمانەوانی، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ئایین و ئاینزاکان، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ئایدیۆلۆژی، لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا دروستیان کردوە و بونەتە بەشێکی سەرەکی لە داڕشتەی زمان ( ئاخاوتن، نوسین). دەکۆڵێتەوە. سەرەتا لە هەنگاوەکانی وەرگرتن و ناسینەوە و ڕێکخستنیان و دووبارەبوونەوەیان و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر فۆنێمەکاندا دێت، دەستپێدەکات و پاشان لە هەر یەک لەو ئایدیۆلۆژییە زمانییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون، ڕۆڵدەگێڕن. لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی درکپێکردنەوە لێیاندەڕوانرێت، ڕاستەوخۆ بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی درکپێکردنی فۆنۆلۆژی لەسەر دادەمەزرێت. لە هەر یەک لە ڕێزمانە جیاوازەکاندا، تێڕوانینی جیاواز لەبارەی فۆنۆلۆجیی زمانەوە هەیە، ((لە ڕێزمانی بونیادناندا ئەم بوارە فۆنۆلۆژییانە لە قۆناغی یەکەمدا، وەک پەیوەستییەک لە نێوان( فۆنەتیک و سیمانتیک )دا دادەنرێن و لە قۆناغی دووەمدا، وەک پانتاییەکی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییانەی بونیادنراو لێکدەدرێنەوە، بەوەی ئاخێوەرانی زمانێک چۆن فۆنێمێک گۆ دەکەن و تەنانەت لە کوێدا دەتوانن گۆییکەن و دەریببڕن و لە کوێشدا ناتوانن، یان هەڵە لە گۆکردن و بەکارهێنانیدا دەکەن. بە پێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕەی، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەربارەی فۆنۆلۆژی دەریخستبوو، کە دەستەیەک لە سیمای جێگیر بۆ هەر فۆنێمێک دیارییکرێت، وەک یەکەیەکی ئایدیای و نمونەیی و تاک و تەنها لە هەر فۆنێمێک بڕوانرێت)) ( غەریب، ٢٠٢٣: ٨٠). ئەمەش ئۆرسۆگرافی فۆنێمەکانە لە ڕێزمانی زماندا، بەڵام لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە، ئایدیۆلۆژی زمانەوانی درکپێکردنی هەر فۆنێمێک خواستی پەیوەستکردنی بە بوارە درکپێکراوەکانی دیکەی، وەک مۆرفیم و سینتاکس و واتاوە هەیە. ئەمە لە کاتێکدا، کە قسە دەکەین ((دەنگی ناو وشەکان لە دەنگەکانی دەوروبەرییانەوە کاریگەریی جۆراوجۆریان بەسەردا دێت، بە جۆرێک کە خاوێنی تاک دەنگی لە ناو زنجیرە دەنگەکاندا، ڕاستەقینەیی نییە))( Välimaa-Blum, R,. 2005: 28) بەو واتایەی فۆنێمەکان وەک یەکەیەکی سەربەخۆی ئایدیۆلۆژی دەرناکەون، تا لە ناو زنجیرە دەنگەکاندا، لەگەڵ بوارەکانی تری زماندا ڕێکنەخرێن، چونکە بە تەنها ناتوانرێت فۆنێمەکان لە بەکارهێنانیاندا لە ناو پێڕەوی زماندا دابڕێنرێن. ئەمەش وەک بەشێکی سەرەکی لە بنەمای بەکارهێنانی فۆنێمەکان ئەژمار دەکرێت، بە یەکەوە لە زنجیرەدا، وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە ناو پێڕەوی زماندا ڕۆڵدەگێڕن و سروشتی پێکهاتنیان بەو شێوازەیە. ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی دیاریکراوی فۆنێم بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: ((بچوکترین دانەی زمانە، کە خۆی واتای نییە، بەڵام هۆکاری گۆڕانی واتایە.))( یوسف ڕاد، ١٣٩٨: ٢٩) یاخود ((ئەو بەشەی زانستی زمانە، کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە بەهۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لە یەکدەدرێن بۆ دروستکردنی بڕگە، یەک نرخ دەدات بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز، کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایدا کۆمەڵە نرخێکی جیاواز نیشانبدەن))(ئەمین، ٢٠٠٤: ١٤). فۆنۆلۆژی پێکهاتەیێکی ڕێزمانە، لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک و چۆنیەتیی گۆکردن (بەجێهێنانی ئەرک)ی فۆنێمەکان دەکۆڵێتەوە. گۆکردنی فۆنێمەکان بۆ جیاکردنەوەی واتا و دروستکردنی وشەیە، بەتایبەتی وشە بنەڕەتییەکان. کەواتە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژی، لە چۆنیەتیی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان لە وشە و فرێزدا بۆ دروستکردنی واتا دەکۆڵێتەوە. (("نواندنی فۆنۆلۆجیphonology Representation" ئەو دەنگانە دەگرێتەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا دروستدەبن بۆ دروستکردنی وشە و لە چۆنیەتیی پەسنکردنی جیاوازییەکانی زمانێکی دیاریکراو بۆ گەیاندنی واتا بەرپرسە. بەهۆی دەنگەکانی زمانیشەوە دەتوانرێت، یەکەی گەورەتر دروستبکرێن و گوڕینەوەی بیروڕا، لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا دروستببێت))(ساڵەح،٢٠٢٤: ٢٢٢) ((یەکێک لە پێوەرەکانی دیاریکرنی گۆڕانی فۆنێمەکان، بە فۆرفۆلۆژی ناسراوە، ئەرکی واتا لە گۆڕینی "نیشانە گۆکەرەییەکانی" یەکە دەنگییە شاراوە و نادیارەکانی، (سەگمێنتەکانی) پەیڕەوی زمان دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی، جیاکردنەوەی واتای یەکە زمانییەکان، "واتای وشەکان" بەجێهێنانی ئەرکی واتا-گۆڕینی فۆنێمەکان ناسراوە بە "گۆکردنی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان" پەیڕەوی فۆنۆلۆژی، پێکهاتە و وەچە پەیڕەوێکی پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێکە))(محەمەدی مەحوی، أ، ٢٠٠٨: ٦٥). یەکەی فەرهەنگی لە ڕێگەی دوو پێواژوی سەرەکییەوە ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش: ((پێواژۆکانی "نزم- بەرز– bottom up" و "بەرز- نزم top _ down"ن. ئەم دوو پێواژوە، یەکەی فۆنێمی و بڕگەییەکان بە دوو شێوەی جیاواز بەیەکەوە دەبەستنەوە، یەکەمیان لە بچوکترین دانەوە، واتە لە فۆنێمەکانەوە دەستپێدەکات و دووەمیشیان لە گەورەترین یەکەی زانیارییەکانی ئاخاوتنەوە دەستپێدەکات))(قادر،٢٠١٧: ٢٨٨) وەک:

١-أ/ نەخ[ۆ']ی دەمریت.

ب/ بخۆی دەمریت.

پ/ ب[ڕ']ۆی دەتکۆژم.

لە لێکدانەوەی ئەم دوو ڕستەیەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بە هێز خستنە سەر ڕستەی یەکەم و بە تایبەت بە هێز خستنەسەر فۆنێمی [ۆ']ی ڕەگی چاوگی (خواردن)دا، ئاخێوەر ویستی دوورکەوتنەوەی لە خواردن هەیە، واتە ئەگەر بە شێوەی نوسین هیچ نیشانەیەک لە گۆڕان، یان مەبەستێکی دیاریکراو، لە سەر هیچکام لە فۆنێمەکاندا نەبێت، بەڵام لە دەربڕیندا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە قسەکەر مەبەستیەتی، لە خواردنی دووربکەوینەوە، لە بنەڕەتدا هێز خراوەتە سەر وشەی یەکەم لە نمونەی (١-أ)دا بە تایبەت هێز خراوەتە سەر فۆنێمی ڤاوڵ. بەمەش [ ۆ' ] گۆڕانی دەنگی لە گۆکردنییدا هاتوەتە ئاراوە و گۆڕانی واتایی بەرهەمهاتووە. بەمەش بنەمای "نزم- بەرزbottom –up"ڕەچاوکراوە، بە پێچەوانەوە، لە نمونەی (١-ب)دا هێز خراوەتە

سەر کاری ڕستەکە (مرد)، کە واتاکەی پێچەوانەی ڕستەی یەکەمە و لە سەربنەمای "بەرز- نزم top __ down" بونیادی زانیارییەکان دانراوە. لە نمونەی (١-پ)دا، تەنها بە هۆی هێزەوە مەبەستی ڕستەکە دەردەکەوێت، ئایا مەبەست ئەوەیە، پێویستە بڕۆین، یان مەبەستەکە ئەوەیە، بمێنینەوە، بۆیە کاتێک هێز لە سەر وشەی یەکەم دادەنرێت بە واتای ئەوە دێت، پێویست ناکات بڕۆیت، واتە هێز خراوەتە سەر فۆنێمی [ ڕ' ]، لە سەر بنەمای "نزم- بەرزbottom – up" ڕستەکە واتاکەی دیاری دەکرێت. بە پێچەوانەوە، هەمان نمونە (١-پ)دا، کاتێک ڕەچاوی بنەمای "بەرز- نزم top __ down" کراوە، واتە لە سەر بنەمای گەیاندنی گەورەترین یەکەی ڕستەکە، زانیارییەکان دەردەخرێن، ئەوا هێز دەخرێتە سەر کاری ڕستەکە، وەک لەم نمونەیەدا هێز خراوەتە سەر کاری (دەتکوژم) و واتای ڕستەکە گۆڕاوە، بۆ ئەوەی، کە پێویستە بڕۆین. ڕاستەوخۆ پێچەوانەی واتای یەکەم، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو گۆڕانکارییانەیە، لە سەر فۆنێمەکانی زمان دروستدەبێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و بنەمایەکی ڕوونی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەیە. بە جۆرێک شێوازبەندیی پەیڕەوی دەنگەکان دوو ئاراستە دەگرنەوە:

یەکەم/ بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی ڕێکخراوەیی "Organization" پێکهێنەرەکانیەتی، کە فۆنێمەکانن لە تەک یەکتریدا.

دووەم/ بۆ پەیوەندی لە کارابوون و کارکردنیان لە بەجێهێنانی ئەرک و گۆکردنیان Function))( قادر، ٢٠٠٨: ٦).

دەکرێت، هۆکارەکانی وەک هزر و لۆژیک و ئەزمون و هۆکارە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان، بە هۆی بوونی پەیوەندیی بنەڕەتییان، لەگەڵ فۆنێمەکاندا ئاماژەی فۆنۆلۆژی زمان بن. ((لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بانگەشەی سەرەکی لە هەندێک ڕێبازی درکپێکردنی ڕێزماندا، بریتییە لە کۆزانینی زمانی، کە لە ئاوەزی قسەکەردا، وەک لیستی یەکە هێماییەکان نوێنراوە. بەکارهێنانی دەربڕینێک بە شێوەیەکی دووبارە بەسە، بۆ ئەوەی ئەو دەربڕینە بچەسپێت و ببێت بە یەکە. لەم ڕوانینەوە، یەکە بریتییە: لە قەوارەی هێمایی، کە بە شێوەیەکی فەرمی، لەلایەن پەیڕەوی زمانەوە بونیادنەنراوە، بەڵکو هەڵگیراوە و دەستمان پێدەگات. لەبەرئەوەیە، یەکە هێماییەکان لە ڕێزمانی قسەکەردا نوێنراون، کەواتە یەکە باوەکانن))( قادر، کاروان عمر ،٢٠١٧: ٣٢). ئەمەش هۆکاری ئەوەیە، کە بە ((بڕوای لاکۆف فۆنۆلۆژیی درکپێکردن دەبێت، وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ڕێزمانی درکپێکردن دابنرێت))( Lakoff, 1990, p. 49). بەمشێوەیە فۆنۆلۆژیی درکپێکردن، لەگەڵ بوارە درکپێکراوەکانی تری ڕێزماندا یەکدەگرێتەوە. دەربڕینە جیاوازەکانی فۆنێمەکان، دیاردەی ئاشکراکردنی کەسایەتی و شێوەزار و ناوچەیی دەردەخات، وەک ئەو گۆڕانانەی لە دەربڕینە جیاوازەکانی فۆنێمەکاندا لە ناوچە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا ڕوودەدەن. وەک چۆن ((دەرکردە فۆنۆلۆژییەکان لە شێوەزارە جیاوازەکاندا بە ڕوونی هەستیان پێدەکرێت، کە چۆن شێوە و فۆرمی جیاوازی فۆنەتیکی دەنوێنن. ئەمەش پەیوەندیدارە، بەو بارە سایکۆلۆژی و تێکردە دەنگییانەی، ئاخێوارانی سەر بە شێوەزارێک بونیادیاناوە و لە دواتریشدا هەمان داڕشتەی فۆنۆلۆژیی بونیادنراوەکە دەردەبڕنەوە. جیاوازیی زمان و زار و شێوەزارەکان، بەتایبەتی لە زار و شێوەزارەکاندا دیاردەی، ڕۆڵە ناوەندییەکەی فۆنۆلۆژیی نێوان (فۆنەتیک و سیمانتیک) ڕوونتر دەردەکەوێت. لەو کاتەدا ئاخێوەرانی سەربە شێوەزارێکی دیاریکراو توانستی گۆکردن و دەربڕینی فۆنێمێکی دیاریکراوییان نەبێت، یان نەتوانن، فۆنێمێک لە شوێنێکی دیاریکراو و تایبەتدا بەکاربهێنن))(غەریب،٢٠٢٣: ٩٣)

بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە داڕشتەی زماندا و لە ڕێگەی جیاواز گۆکردنی فۆنێمەکانەوە، دابەشکاری ناوچەیی و تەنانەت فەرهەنگی دروستدەکات. ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زار، یان شێوەزارەکاندا دروستکردوە و لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییە، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئەو شێوەزارە بونیاد دەنرێت، کە بنەمای سایکۆلۆژیی ئاخێوەران ڕاستەوخۆ لە گۆکردنی فۆنێمەکاندا ڕەنگدەداتەوە و مۆرکی شێوەزاری ناوچەیی، لە دەرکردە فۆنۆلۆژییەکاندا ڕووندەکەنەوە، وەک ئەو گۆڕانانەی لە هەریەک لە فۆنێمی /ڵ/ و /ر/ لە نێوان ناوچەکانی سلێمانی و هەولێردا ڕوودەدەن.وەک:

٢-أ/ دوکەڵ ← دوکەر

ب/ دەڵێم ← دەرێم

پ/ ماڵی باوک ← ماری باب

ئەم گۆڕانانە تەنها لە یەک فۆنێمدا ڕوونادەن، بگرە هەندێک ئەلەفۆنی زمانی کوردی هەیە، سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵداناکرێت، گەرچی بە شێوەیەکی ڕوون لە دەرکردە فۆنۆلۆژییەکانی زماندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت. وەک فۆنێمی /د/، کاتێک لە ژێر کاریگەریی فۆنێمی /ن/دا، وەک / نگ/ لە ناوچەی سلێمانییدا گۆدەکرێت، گەرچی ئەم گۆکردنە، کە لە ئەنجامی جیاوازیی دەربڕینی هەردوو فۆنێمی /ن/ و /د/ەوە دروستدەبێت. زمانەوانانی کورد هەژمارکردنی ئەم ئەلەفۆنەیان، لە فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا بە سەربەخۆ دەرنەخستووە، وەک فۆنێمێکی سەربەخۆ لە داڕشتەی بونیادی زمانی کوردیدا نیشانەنەکراوە، بەڵام لە دەربڕین و ئاخاوتنی شێوەزاری سلێمانیدا، بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. ئایدیۆلۆژیی بەکاربردنی ئەم ئەلەفۆنەش، بە تایبەتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، لە دوو ڕوانگەوە شرۆڤە دەکرێت: یەکەم: وەک دەربڕینێکی ناوچەیی و تایبەتکردنی بە سەنتەری شاری سلێمانی و حەزێکی شارچییەتی. دووەم: تایبەتمەندیی گۆکردنی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارەیە لە کاتی ئاخاوتندا، وەک فۆنێمێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ بەکاربردنی ئەم فۆنێمە دەکەن. بۆ نموونە:

٣-أ/توند /ن/، /د/ ⇄ تونگ /نگ/

ب/دربەند/ن/، /د/ ← دەربەنگ/ نگ/

پ/مەڵبەند/ن/، /د/ ← مەڵبەنگ /نگ/

ت/خاڵبەند/ن/، /د/ ← خاڵبەنگ /نگ/

ج/کۆڕبەند/ن/، /د/ ← کۆڕبەنگ /نگ/

ناکرێت، لێکدانەوەیەکی مەودا فراوان بۆ واتا بکرێت، بەڵام پاڵنەر و ورژێنەرە فۆنۆلۆژییەکان، بۆ ئەو لێکدانەوەیە لەبەرچاو نەگیرێن، کە لە بەها سیمانتیکییەکاندا بەشدارن. ئەوەی ئەم بوارە فراوانە، هەم بۆ فۆنۆلۆژی، هەمیش ڕۆڵەکەی لە بەها پێدانە سیمانتیکییەکاندا دەردەخات، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییە، بەوەی فۆڕمە فۆنۆلۆجییە جیاوازەکان ئاماژە بە ڕەهەندە سیمانتیکییە جیاوازەکان دەدەن و بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی جیاواز لە پێدانی واتای نوێدا، لە سەر بنەمای فۆنێمەکانی زمان دروستدەبن. لە فێربوونی زمان و زمانی دووەم و زمانپژانی منداڵ و جیاوازییە فۆنەتیکییەکانی نێوان زمان و زارەکاندا دەردەکەون. ئەگەر لە ئەلەفۆنەکانی فۆنێمێکی دیاریکراو بڕوانین، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە خێزانی یەک فۆنێم لە چەند ئەلەفۆنێکی جیاوازی دەربڕیندا بەکاردێت و بنەمای بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی، لە درکپێکردنی فۆنولۆژییانەی زمانی کوردیدا دەردەخات، وەک:

٥-أ/(پارچە،پانکە)(بارچە،بانکە)(پچوک، پچوک)(قوتابخانە، قوتاپخانە)

(باخچە،بازگە)(پاخچە،پازگە) /$p^a$/

ب/ پەرستار، پەرستگا، پێشینان/$p^u$ /

پ/ (پیاو،پیس)(بیاو، بیس) /$p^e$/

ت/ پەل، پەڕ، پەن، پەز /pⁱ/

لەم نمونانەدا، بەهای فۆنیمی /پ/ لە هەریەک لە دەربڕینە جیاوازەکان و ئەو گۆڕانانەی بە هۆی گۆکردنە جیاوازەکانەوە سەرهەڵدەدەن، بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئەم فۆنیمە دوپاتدەکەنەوە. واتە فۆنیمی /پ/، هەرچەندە لە شێوە و دەربڕینە جیاوازەکان، وەک $[p^i]$, $[p^e]$, $[p^u]$, $[p^a]$ بەکاربهێنرێت، ئەم کردەیە لە فۆنۆلۆژیدا، تەنها بە گۆڕانی دەنگی هەژماردەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵ و واتایی سیاسی و ناوچەییەوە، گۆڕانی واتایی بەرهەمدەهێنێت. وەک ئەوەی، لەو ناوچانەی، لەگەڵ زمانی عەرەبیدا تێکەڵبوون، هەیە زۆرجار /پ/ ⟶ /ب/، بە پێچەوانەشەوە دەگۆڕدرێت. یان زۆرجار /پ/ بە فۆنیمێکی قورس دەردەبڕێت. لە کاتێکدا جیاوازی ژینگەیی وادەکات، بە شێوەی سادەتر /پ/ بەکاربهێنن. سەرچاوەی سەرجەم گۆڕانەکان لە فۆنیمی /پ/دایە و بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی بەرهەمدەهینن. ئەم گۆکردنە جیاوازەش، بەپێی گۆکردنی ئاخێوەری کوردی لە پۆلی ئەلەفۆندا و گرێدراو بە بنەمای دەروونی و ژینگەیی سەلمێنەری بوونی جیاوازیی دەربڕینی فۆنیمی /پ/یە لە کاتی گۆکردنییدا، بە شێوەیەک فۆنیمی /پ/ دەبێتە ئەو سەکۆییەی، سەرجەم دەنگ و ئاواز و دەربڕینە جیاوازەکانی خودی فۆنیمەکە دەربخات. لە نمونەکانی (٥)دا، بە ئاشکرا ئەم گۆکردنە جیاوازانەی ئەو فۆنیمە درکپێدەکەین، وەک لە نمونەی (٥-أ)دا فۆنیمی /پ/ لە نێوان هەردوو لێودا، بە کردنەوەی تەواوەتی زار بۆ ئەلەفۆنی $/p^a/$ دەگۆڕێت، کە کاتیگۆریی دەنگی[p] لەخۆدەگرێت و ئاوازی جیاواز دەردەبڕێت. لەمڕووەوە فۆنیم خێزانێکە، کۆمەڵێک دەنگ لەخۆی دەگرێت. یان بە پێچەوانەوە، گۆڕانی فۆنیمەکان لە فۆنیمێکی ترەوە دەگۆڕێت بۆ فۆنیمی /پ/، کە هۆکاری جیاوازی ژینگەیی و دەروونی و ناوچەیی کاریگەرییان لەسەر ئەم گۆڕانانە هەیە و بەکاربردنیشیان بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئەو فۆنیمە دەردەخات، هەروەک لە نمونەی (٥-ب)دا، بە ئاشکرا ئەو جیاوازییە گۆکردنە، بە بەراورد بە نمونەی (٥-أ) لە شێوەی ئەلەفۆنی فۆنیمی /پ/دا دەردەکەوێت، بە جۆرێک لە دەربڕینی ئەم فۆنیمەدا هەردوو لێو بەشێوەی بازنەیی بەرەو پێشەوە خڕ دەبنەوە، فۆنیمی/پ/ لە شێوەی ئەلەفۆنێکی بێدەنگ (سکون)[1] دەردەبڕێت بە پێچەوانەی نمونەی (٥-أ)ەوە، کە فۆنیمی /پ/ لە شێوەی ئەلەفۆنێکی دەنگدار دەردەکەوێت. لەکاتێکدا لە نمونەی (٥-پ)دا بە هەمان شێوە، ئەم فۆنیمە شێوەی گۆکردنی بە کێشانەوەی هەردوو لێو بۆ دواوە دەردەبڕێت و لە شێوەی فۆنیمێکی دەنگداردا گۆدەکرێت. وەک لە نمونەی (٥-ت)دا، هەم بەمشێوەیە ئەلەفۆنێکی سەربەخۆی هەمان خێزانی فۆنیمی /پ/ دەردەکەوێت. هەموو ئەم دەربڕینە جیاوازانەی فۆنیمی /پ/، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە فۆنیمەکانی زمانی کوردی، بنەمای بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانین، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەوە، درک بە جیاوازیی گۆکردن و بەکاربردنیان دەکرێت و لە هەمانکاتدا، ئەم گۆکردنە جیاوازە، دەبێتە هۆی بونیادی واتای نوێ و گرنگی و بەهای سیمانتیکیی ئەم فۆنیمانە، لە داڕشتەی زمانی کوردیدا ڕەنگدەدەنەوە. ((هەروەک Mompean Tylor & Littlemore J., 2014:265) دەڵێت: زانستی زمانی درکپێکردن هەمیشە، بانگەشەی پێویستبوونی، پاڵنەری فۆنەتیکی، لە پێواژۆ و هەژمارە فۆنۆلۆژییەکاندا بە ڕاستی و ڕاستەقینە وەردەگرێت. بەمشێوەیە، فۆنەتیک دەبێتە هۆکاری پاڵنەر و پێواژۆی فۆنۆلۆژییانە بونیاددەنێت. مەبەستیش لە هۆکاری پاڵنەر، ئەو لایەنە جیاوازانەن، کە شێوەی جیاواز بە فۆنیمەکان دەبەخشن))(غەریب،٢٠٢٣: ١٠٠).

**٢/١ بەشی دووەم/ ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییە جیاوازەکان لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا:**

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا لە چۆنیەتی و گۆڕانکاری و کاریگەریی هەریەک لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییەوە و چۆنیەتیی بوون بە بەشێک لە ئاخاوتن و ئەو گۆڕانکارییانەی، هەریەک لە ئایدیۆلۆژییە زمانەوانییە جیاوازەکان و کاریگەرییان بە نمونە دەخەینەڕوو:

**١-٢/١) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ڕاسیزم لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژیدا:**

یەکێکە لەو ئایدیۆلۆژییانەی کاریگەریی لەسەر دروستکردن و گۆڕانی واتای نوێ هەیە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی، لە لایەن ئاخێوەرانەوە بە مەبەست، یان بێ مەبەست دەبێتە هۆی بەدیهاتنی جۆرێکی دیاریکراو لە ئایدیۆلۆژیی زمانی، هەروەک لە نمونەی (٤٦)دا ئەو گۆڕانانەی لە فۆنیمەکاندا ڕودەدەن بوونەتە هۆی بەدیهاتنی واتای نوێ ڕاسیزمیانە، کە لێرەدا شرۆڤەی گۆڕانی فۆنیمەکان دەخەینەڕوو:

٨-أ/ شەم {توند} یاری دەکات. [/ند/، /نگ/]

ب/ هەمووان {بۆ} ئازادی تێدەکۆشن. [ /ل/ ]

پ/ {ماڵی} بێ {دایک}، وەک {دڵی} {بێخوێنە}. [/ڵ/، /ر/]، [/ ی/، /ϕ /]، [/ر/، /ڵ/]، [/ێ/، /و/].

ت/ گشتمان {چوین} بۆ دەشت. [/ی/]

لە ڕستەی (٨-أ)دا، بەکارهێنانی فۆنیمی/ن/، کاتێک لە پێشیەوە فۆنیمی/د/ هاتبێت، لە شێوەزاری سلێمانیدا، وەک مۆرکێکی ڕەسەن و شارێتی و شانازیکردن هەژماردەکرێت و ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزم لە دەربڕینەکانیاندا بەدیدەکرێت، ئەویش بە دەربڕینی دەنگی [نگ]، لە جیاتی فۆنیمی /ن/ ((دەرکەوتنی [نگ]یش مەرجی خۆی هەیە، ئەوەتا [نگ] دەتوانێت، تەنیا لە دوای بڕگەیەکی سەرەوەی گرژەوە بێت. (توند، تونگ) ڕێگەدانی [نگ]، تەنها بە یەک بڕگەیی گرژەوە لە پێشەوەیدا هەیە))(محەمەد مەحوی،٢٠١٦: ٤٨٦) بۆیە ئاخێوەرانی شاری سلێمانی بە گۆڕینی فۆنیمی /ن/ بۆ [نگ]، وەک بەشێک لە شانازیکردنی شێوەزاری سلێمانی و جیاکردنەوەی لە سەرجەم شێوەزارەکانی دیکە وەک بنەمایەک لە ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزم لە داڕشتەی زمانی کوردیدا هەژماردەکرێت، چونکە وەک سیمایەکی ڕەسنایەتی و خەڵکی ناوشار وێنادەکرێت، هەروەها لە ڕستەی (٨-ب)دا ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزم لەم ڕستەیەدا بەدیدەکەین بەوەی، کە ئاخێوەری ئەم ڕستەیە، دەیەوێت بە شانازیکردن بە شێوەزاری هەولێری شانازی بە شێوەزارەکەیەوە بکات. لە ڕستەکەدا گۆڕینی فۆنیمی /ب/ بۆ فۆنیمی /ل/ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، بەمدەربڕینە ویستێک هەیە، دەیەوێت ڕاسیزمییانە، شێوەزاری هەولێری بکاتە زمانی ئاخاوتن، وەک شانازیکردن بە شێوەزارەکە و بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزم لەم گۆڕینی فۆنیمەدا بەدیدەکەین، جێی سەرنجە هەر ئەم دوو جۆرەی گۆڕینی فۆنیم، کە لە نمونەی ( ٨-أ و ٨-ب)دا بینرا، هەندێکجار لە لایەن بەرانبەرەکانەوە بە مەبەستی تانە و تەشەر بەکاردێت و کەسانی دەرەوەی ئەم دوو شێوەزارە، بەو شێوەیە دەدوێن، تا ڕەخنە لە هزری ڕاسیزمی ئەواندا بگرن، کە بێگومان جارێکی تر، ئەمەش هەر جۆرێکی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمانە دەخولقێنێت. بۆیە کاتێک کەسێک بەمشێوازە قسەدەکات، ڕاستەوخۆ ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمی بەسەر ئاخاوتنەکەیدا دەسەپێت، ئەگەر بە حەز و ویستی خۆی بێت، یان بە پێچەوانەوە. کە جۆرێکە لە نادیدەگرتنی

شێوەزارەکانی تر و سڕینەوەی ئەو شێوەزارانەیە، کە دەبێتە بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزم.

لە نموونەی (٨-پ)دا، گۆڕانی فۆنێم و ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزمی ناوچەیی، بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە، ڕستەکە بە ئاشکرا، بانگەشە بۆ شێوەزار و فەرهەنگی تایبەتیی ناوچەیی دەکات. نیشانەییەکی دیاری بەهادانە، بە شێوەزارێکی دیاریکراو و گەورەکردنی. لەم ڕستەیەدا، ئەو ئایدیۆلۆژییە زمانییەی بەرجەستەدەبێت، هێشتا ئەم ئاخێوەرە زاری کرمانجی ناوەڕاست (شێوەزاری هەولێر)ی تێپەڕ نەکردووە و زۆر بە شانازییەوە جەخت لە بەکارهێنانی وشە و چەمکەکانی ناوچەی هەولێر دەکاتەوە. گۆڕانی هەر یەک لە فۆنێمەکانی /ڵ/ بۆ /ر/، لە وشەی (ماڵ. دڵ)دا، هەروەها گۆڕینی فۆنێمی / ی/ بە/ ϕ/ لە وشەی (دایک،داک)دا و گۆڕینی فۆنێمی /و/ بە /ی/ و /ێ/ بە /ی/ لە وشەی (خوێن، خیین)دا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، فۆنێمەکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەوە، ڕۆڵی سەرەکی لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمدا دەگێڕن. لە ڕستەی (٨-ت)دا، ئاماژەی بوونی ئایدیۆلۆژیی زمانیی ڕاسیزمدا دەرکەوتووە، بە شێوەیەک لە کاتیی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ئەو ناوچەیەدا، فۆنێمی /ی/ لە وشەی (چوون)دا بۆ چاوگەکە زیاددەکەن ، خۆ ئەگەر بگوترێت، جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆیە، دیسان هەر ئەم فۆنێمە لە ئاخاوتندا بە خۆی دەردەخاتەوە و بە شێوەی دووجار، یان زیاتر دەردەکەوێت، واتە جگە لە جێناوی لکاوی (ین،) فۆنێمێکی دیکەی /ی/ دەخرێتە سەر جێناوەکە. ئەمەش دەربڕینێکی ناوچەیی و ڕاسیزمییانە لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا ئاشکرا دەکات. بۆ زیاتر دەرخستنی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزم لەسەر گۆڕانکاریی فۆنێمەکانی زمان و بەرهەمهێنانی واتای نوێ لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا، لە ڕێگەی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا دەتوانین ئەو بنەما فۆنۆلۆژییانەی دەبنە هۆی بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزم بەمشێوەیە ڕوونبکەینەوە:

**خشتەی ژمارە (١)**

**درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەی زمانەوانیی ڕاسیزم**

| بنەمای فۆنۆلۆژی | ئاخاوتنی ئاسایی | ئاخاوتنی ڕاسیزم | بواری بەکاربردنی ڕاسیزمییانە |
|---|---|---|---|
| هێز | ئەوە، هێواش، گوارە، دڕک، خەباتکەر | ئەو'''ە، هێوا'''ش، گو'''ارە، دڕ'''ک، خەباتکە'''ر | بێڕێزی، شوبهاندن، سوکایەتی |
| دوبارە کردنەوە | ئەزمەڕ، سەڕاف تێکۆشەر، | ئەززمەڕڕڕ، سەڕڕڕاف تێێێکۆشەر، | ناوچەیی، تەشەردان، نەزانی |
| گۆڕین | گوڵ، قەزا، حەرام، لێتدەدەم، قورئان | گول، کەزا، عەرام، لێوئەیەم، قورحان. | تانە، زمانگیری، ناوچەیی، تەمەن |
| زیادکردن | سەڵتە، مانگ، سوک | سەڵیتە، مانگا، سوکە | سوکایەتی، بێڕێزی |

هەروەک لە خشتەکەدا ئاماژەمان پێداوە، کۆمەڵێک بنەمای فونۆلۆژییان داناوە، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو بنەما فونۆلۆژییانەی دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە بەکارهێنانی ئاخاوتنی ئاساییدا، بەراورد لەگەڵ ئاخاوتنی ڕاسیزمییانەدا. لەخشتەکەدا ئەم بنەمایانە دیاریکراون:

یەکەم: هێز خستنەسەر ئەو فۆنێمانەی لە ناو وشەکاندا، یان لە ئاستی ڕستەسازیدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە لە ئاخاوتنی ئاساییدا، ئامرازی نیشانەی (ئەوە) بەکارهاتووە، کاتێک هێز دەخرێتە سەر فۆنێمی / و/ لە وشەی (ئەوە)دا، ئەوا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە شێواەزاری هەورامییدا بە هێز خستنە سەر فۆنێمی / و/، فۆنێمەکە دەبێتە هۆی بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمییانە، ئەویش لە ئەنجامی درکپێکردنی گۆڕانی گۆکردنی فۆنێمی / و/دا دێتەبەرهەم، ئەم درککردنە ئەو کاتە بونیاددەنرێت، کە ئاخێوەرێکی هەورامی ویستی دەربڕینی ئەم جێناوەی لە ئاخاوتنەکانیدا هەبێت. بەهۆی هێز خستنەسەر فۆنێمی /و/ەوە، جۆری دەربڕینەکەی بەرەو دەربڕینێکی ناوچەیی دەڕوات و بە جۆرێک، لە نەزانینی دەربڕین لێدەڕوانرێت، بەمەش بونیادی ئایدۆیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمی درکدەکرێت. لە ئاوەڵناوی (هێواش)دا، کاتێک هێز دەخرێتە سەر کۆتا فۆنێم /ا/ بزوێن ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزم لە دەربڕینی فۆنێمەکەدا ڕەنگدەداتەوە، کە لە فەرهەنگی کوردیدا، کاتێک هێز دەخرێتەسەر ئەم دەنگە لە وشەکەدا بۆ وەستانی ئاژەڵی بار بەکارهاتووە. واتە لێرەدا بە هێز خستنە سەر فۆنێمی /ا/ گۆکردنی فۆنێمەکە دەگۆڕیت بۆ ئەو واتایەی لە ناو فەرهەنگ و کولتووردا، بۆ سوکایەتیی ڕەگەزپەرستی بەکاردێت. بەهەمان شێواز، لە وشەی (دڕک)دا، کاتێک هێز دەخرێتە سەر فۆنێمی / i/ بزرۆکە، لە ڕێگەی جیاواز گۆکردنی، ئەم فۆنێمەوە، بنەمای بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی، لە درکپێکردنی فۆنێمەکەدا درکپێدەکرێت، دەربڕینەکە ئایدیۆلۆژیی ڕاسیزمییانە بونیاددەنێت. واتای وشەکە بۆ واتای جۆرێک لە ئاژەڵی دڕندە دەگۆڕێت. لە وشەی (خەباتکەر)یشدا، کاتێک هێز لەسەر فۆنێمی /ە/ دادەنرێت، ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاستیزمییانە لە درکپێکردنی فۆنێمی /ە/دا وشەکە لە وشەیەکی پڕ واتای فەرهەنگی کوردییەوە، بۆ وشەیەکی سوکایەتی و بە مەبەستی پەرگیری دەگۆڕێت.

دووەم: لە سەر بنەمای دووبارەکردنەوەی ئەو فۆنێمانەی، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، بۆ نموونە، وشەی (ئەزمەڕ)، کاتێک فۆنێمی/ ز/، لەگەڵ فۆنێمی/ ڕ/دا لە وشەی (ئەزمەڕ)دا دووبارە دەکرێتەوە، واتایەکی نوێی ڕاسیزمییانە دەبەخشێت. بەهەمان شێوە، لە وشەی (تێکۆشەر)دا، کاتێک فۆنێمی /ێ/ درێژدەکرێتەوە، واتایەکی نوێی جیاواز لە واتا ڕەسەن و ئاساییەکەی خۆی وەردەگرێت. ئەو واتا نوێیە دەچێتە ناو تابۆی زمانەوە. لە وشەی (سەڕاف)یشدا کاتێک فۆنێمی / ڕ/ دووبارەدەکرێتەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاردەبرێت و زۆرجار بۆ مەبەستی تانەدان لە کەسی بەرانبەر ئەم فۆنێمە دووبارە دەکرێتەوە و لە واتا ئاساییەکەی خۆی لادەدرێت.

سێیەم: یەکێکی تر لە بنەماکان، گۆڕینی فۆنێمەکانە، ئەو فۆنێمانەی لە ئاخاوتنی ئاساییدا بۆ فۆنێمێکی جیاواز دەگۆڕێن، بۆ نموونە لە وشەی (گوڵ)دا، کاتێک بە مەبەستێکی ڕاسیزمیانە بەکاردەبرێت، فۆنێمی/ ڵ/ بۆ فۆنێمی /ل/ دەگۆڕێت. ئەو کاتە واتای وشەکەش دەگۆڕێت. بۆ مەبەستی ناشیرینکردن بەکاردێت. لە وشەی (حەرام)یشدا کاتێک فۆنێمی /ح/ لە بەکارهێنانی ناوچەکانی هەولێردا بۆ فۆنێمی /ع/ دەگۆڕێت. گۆڕینی فۆنێمی /د/ بۆ فۆنێمی /ی/ لە وشەی (سەیدسادق)دا، لە وشەی (لێتدەدەم) گۆڕانکاری بەسەر فۆنێمەکاندا هاتووە، لە گۆڕانی هەریەک لە فۆنێمەکاندا، کاتێک بەرانبەریان بەوشێوەیە بەکاردێت، دەبێتە ڕاسیزم و گۆڕانەکەش لە لایەن کەسانی دەرەوەی ئەوناچانەوە، بە شێوەی گاڵتەپێکردن دەگوترێت و ئەمەش دەبێتە جۆرێک لە ڕاسیزم. جیاوازیی دەربڕینی ناوچەیی لەسەر فۆنێمی /د/، لە نێوان ناوچەکانی سلێمانی و هەولێردا دەردەخات، جگە لە بابەتی ڕێزمانی نوسینی ئەم فۆنێمانە هاوکات شێوازی گۆکردنییان جیاوازی ناوچەیی و ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزمی لە ڕێگای درکپێکردنی فۆنۆلۆژییاوە درکپێدەکرێت، لە وشەی (قورئان)دا، کاتێک فۆنێمی /ئ/ بۆ فۆنێمی /ح/ گۆڕاوە، لە گۆکردنی ناوچەیەکی دیاریکراودا، یان تەمەنێکی دیارکراو و بەتایبەتیش بۆ ڕەگەزێکی دیارکراوی (بەتەمەن، مێ) ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی بەرانبەر بەکەسانی دیکەی جیاواز لەم پۆلە ئایدیۆلۆژیی زمانی ڕاسیزمییانەدا، لە گۆڕینی

فۆنیمەکەدا درکپێدەکرێت. کە ئەم تەمەنە هاوتا دەکرێت بە (نەخوێندەوار، پیر، ڕەگەزی مێ، پەکەوتە).

چوارەم: لە سەر بنەمای زیادکردنی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا، ئەو دیاردەیە بەدیدەکرێت، کە زیادکردنی فۆنیم دەبێتە هۆی دروستبوونی واتای نوێ و وشەی نوێی زمانی و بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزم . لە هەر یەک لە نموونەکانی ناو خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە وشەی (سەڵتە)دا کاتێک، کە تەنها فۆنیمێک زیاددەکەین بۆ وشەکە، هەم وشەی نوێ بەرهەم دێت و هەم واتای نوێی زمانی ڕاسیزم، ڕاستەوخۆ ئەو بارە دووپاتدەبێتەوە، کە فۆنیمەکان لە سەر بنەمای زیادکردنی فۆنیم بۆیان، دەبێتە بنەمایەک، بۆ دروستکردنی واتای زمانەوانیی ڕاسیزم. وشەی بەرهەمهاتوو (سەڵیتە) لە فەرهەنگی کوردیدا بە واتای ڕەگەزپەرستی و تانەو تەشەر، بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانەی، کە بێ شەرم و بێ ئابروون بەکاردێت. بەهەمان شێوە لە وشەی ( مانگ)دا بە زیادکردنی تەنها فۆنیمی ( ا ) بزوێنی درێژ بۆ وشەکە، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و پاشان واتای زمانیی ڕاسیزمییانە، کاتێک وشەکە بە واتای ڕاسیزمی، لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، چونکە لە بنچینەدا واتای فەرهەنگی وشەکە بۆ ئاژەڵی شیرپێدەر ناونراوە، بەڵام لە ئاخاوتنی قسەکەراندا، ئەم وشەیە بە مەبەستی سوکایەتی پێکردن بەکاردەهێنرێت. ئەم زیادکردنە لە سەر ئەو بنەمایەیە، کە فۆنیمەکان ڕۆڵیان لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیدا، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەوە هەیە. لە وشەی (سوک)یشدا هەروەک وشەکانی تر، کاریگەریی تەواوی هەیە، لە پێواژۆی بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ڕاسیزمانەدا، لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا، بە زیادکردنی فۆنیمێک بۆ سەر ئاوەڵناوی (سوک)، وشەی نوێ و واتای نوێی دێتەبەرهەم. ئەمەش لە ئاخاوتنی ئاخێوەراندا ڕەنگیداوەتەوە بۆ مەبەستی ڕاسیزم.

### 2-2/1) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزم لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژیدا:

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزم یەکێک لەو ئایدیۆلۆژییانە، کاریگەریی لەسەر دروستکردنی واتای نوێ هەیە. لە ئەنجامی بەکارهێنانیان، فۆنیمەکان لە لایەن ئاخێوەرانەوە ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایانەدا هەیە. هەروەک چۆن ئاخێوەرانی زمان لە ئاخاوتنەکانیاندا، لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا، کۆمەڵێک وشە بە ڕەگەزی مێیەوە تایبەت دەکەن، بەهەمانشێوە لە ئاستی فۆنۆلۆژیشدا، فۆنیمەکان ڕۆڵیان هەیە لەم بەرهەمهێنانی وشە و واتای نوێی تایبەت بە ڕەگەزی مێیەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەودا گۆڕانەکە دێنەبەرهەم، کە لە پێواژۆی فۆنۆلۆژیدا ڕوودەدەن. هەروەک لە بەشی یەکەمدا لە نمونەی (٥١)ی لاپەڕە (١٠٧)دا، لە هەر دوو وشەی (نازدارە)، (نازە) و هەردوو وشەی (سۆزدارییە) و (سۆزدارە)دا ڕوونمانکردوەتەوە. ئەو گۆڕانانەی لە فۆنیمەکاندا ڕوودەدەن بوونەتە هۆی بەدیهاتنی واتای نوێ فیمینیزمی. نمونەکان ئەوە دەردەخەن، زمان چۆن دەتوانێت، دەربڕینی سۆزداریی ڕەگەزییانە دەربڕێت. ئەم چەمکانە، بە ڕەگەزیی کراون، بڕگەی (دار) لە وشەی (نازدار) تایبەتکراوە بە هەردوو ڕەگەز. لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی، لە فۆنیمی /ە/ی وشەی (نازە)دا، تایبەتکراوە بە ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمییەوە، ئەم گۆڕانە فۆنۆلۆژییە، بنەمای بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەواژنی، لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا بەرهەمدەهێنێت. هەروەک چۆن لە وشەی (سۆزدار)دا، بە هەمانشێوە لە ئەنجامی زیادکردنی فۆنیمێک بۆ وشەکە، بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی وشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و جیاوازیی واتایی ڕەگەزیی لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەرهەمدێت. واتە کاتێک وشەی (سۆزدارە)، لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردێت، مەبەست لە وشەکە، بەکارهێنانیەتی بۆ ڕەگەزی نێر، لە کاتێکدا فۆنیمی /ی/ بۆ هەمان وشە زیاددەکرێت، (سۆزدارییە) واتای وشەکە لە بەکاربردنێکی ڕەگەزیی نێرەوە بۆ بەکاربردنی ڕەگەزی مێ دەگۆڕێت. ئەمەش بنەمای بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییدا دووپاتدەکاتەوە. لەم نمونانەی خوارەوەدا، لە ڕێگەی خشتەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوە ڕووندەکەینەوە، کە گۆڕانکاریی فۆنیمەکان، چۆن ڕۆڵدەگێڕن، لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەدا:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەی زمانەوانیی فیمینیزم**

| بنەمای فۆنۆلۆژیی | بەکاربردنی وشەی ئاسایی | بەکاربردنی وشە ئایدۆلۆیی زمانەوانی فیمینیزمی | بواری بەکاربردنی ڕاسیزمییانە |
| --- | --- | --- | --- |
| هێز | قیژە، زیکە، جیقە | قی'''ژە، زی'''کە، جی'''قە | سەرزنەشتکردنی و بێ بەهاکردن |
| زیادکردن | ناز، شۆخ، دکتۆر، سەڵتە | نازە، شۆخە، دکتۆرە، سەڵێتە | جیاکاری و بچوکردنەوە تۆمەتدارکردن |
| گۆڕین | وردە، گوڵە، ژیرە (شێوەزاری هەورامی) | وردێ، گوڵێ،ژیرێ، | بێ ئەزموونی و نەزانی |
| دوبارەکردنەوە | ناسکە، زەریفە، زەعیفە، وردە | ناسسسکە، زەرییفێ، زەعییفە، وووردە | جەختکردن و بانگکردن |

لە نمونەکانی خشتەی سەرەوەدا، بنەماکانی فۆنۆلۆژی لە بەرهەمهێنانی واتای نوێی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمیانەدا ڕۆڵدەگێڕن، واتە کاتێک هێز دەخرێتە سەر فۆنیمی /ی/، لە وشەی (قیژە)دا، واتایەکی نوێی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی بەرهەمدێت، وشەکە لە بنەڕەتدا لە کولتووری کوردیدا، بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەبرێت، لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەم وشەیە، بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردەبریت، بەڵام کاتێک هێز دەخرێتە سەر فۆنیمەکە، واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی دروستدەبێت، لە وشەی (زیکە)دا بە هەمانشێوە لە بنەڕەتدا، ئەم وشەیە خراوەتە پاڵ ڕەگەزی مێ، بەڵام بە هێز خستنەسەر فۆنیمی /ی/ بە تایبەتی، کاتێک وشەکە دووبارە دەبێتەوە، بە ئاشکرا واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی بەرهەمدێت. ئەگەر لە وشەی (جیقە)ش وردببینەوە، جارێکی دیکە ئەوە دووپاتدەبێتەوە، هێز دەخرێتە سەر فۆنیمی /ج/ و بە تایبەتی وشەکە لە گۆکردندا دووبارە ببێتەوە، ئەوا واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی نوێ دێتەبوون. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی فۆنیمەکانە، لە بەرهەمهێنانی واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمیدا. لەبەرئەوەی لە کولتووری کۆمەڵی کوردیدا، بۆ هەموو ئەو کۆبوونەوانەی، کە ڕەگەزی مێ، لەگەڵ یەک ئەنجامیدەدەن، بەردەوام دەنگەکانی (قیژە، جیقە، زیکە) لە ئەنجامی زۆر ئاخاوتن، وەک لایەنێکی سایکۆلۆجی تایبەتمەندی ڕەگەزی مێ ئەم وشانە بەو ڕەگەزەوە تایبەت دەکرێن. لە بنەمای زیادکردنی فۆنیمیشدا، دیسان واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی بەرهەمدێت، وەک لە وشەکانی (ناز، شۆخ، دکتۆر)دا دەردەکەوێت، کاتێک فۆنیمی /ە/ دەخرێتە سەر کۆتایی وشەکە، واتای وشەکە لە وشەیەکی فەرهەنگی کوردییەوە بۆ وشەی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی دەگۆڕێت. لەبەرئەوەی جۆرێک لە تێکەڵبوونی زمانی و کاریگەریی زمانی عەرەبی لە قۆناغی هاتنی ئیسلامەوە بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە، ئەم کاریگەرییە بە زیادکردنی فۆنیمی /ە/، کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت، وەک خاڵی جیاکردنەوەی وشەکە بۆ ڕەگەزی مێ، لە زمانی نووسینی کوردیدا بۆ ڕەگەزی مێ، شوێنی گرتووە و بەکاردەبرێت. ئەمەش وشەکە لە بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ڕاسیزمی جیاکاری ڕەگەزی نزیکدەکاتەوە و درک بە جیاکاری ڕەگەزی لە بەکارهێنانی

وشە فەرهەنگییەکاندا دەکرێت. لە وشەی (سەڵتە)شدا، کاتێک فۆنێمی /ی/ بۆ وشەکە زیاددەکرێت، ئەوە واتای بنەڕەتی بە یەکجاری لەدەستدەدات و بۆ واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی دەگۆڕێت. جۆرێک لە سەرزەنشتکردنی فیمینیزمی. بنەمایەکی تری گۆڕینی واتایی لە ڕێگەی درکپیکردنی فۆنێمەکانەوە، بریتییە لە گۆڕینی فۆنێم، وەک لە وشەکانی (وردە، گوڵە، ژیرە (شێوەزاری هەورامی))دا کاتێک، کە فۆنێمی /ە/ دەگۆڕێت بۆ فۆنێمی /ێ/ واتای وشەکە لە واتایەکی ڕەگەزی نێرەوە بۆ واتای ڕەگەزی مێ دەگۆڕیت. ئەمە گۆڕانی واتایە و تایبەتکردنە لە کرمانجی سەرووشدا، هەر دروستە، کاتێک لە نێوان فۆنێمی /ێ/ تایبەت بە ڕەگەزی نێر فۆنێمی /ا/ تایبەت بە ڕەگەزی مێ بەکاردەبرێت، وەک وشەی (کوڕ، ژن، کچ، دایک)، کە هەریەک لەو فۆنێمانە دەخرێتە سەر هەریەک لەو وشانە واتایی ڕەگەزیی وشەکە بۆ مەبەستی دیاریکراو دەگۆڕێت. ئەو گۆڕانانەش دەبنە هۆی بەدیهاتنی واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە. هەر لەسەر ڕۆڵی فۆنێمەکان، لە بنەمای دووبارەکردنەوەدا، بە مەبەستی دەربڕینی مەبەستێک فۆنێمەکان لە گۆکردنیاندا دووبارە دەکرێنەوە، وەک لە وشەکانی: (ناسکە، زەریفە، زەعیفە، وردە)دا دەردەکەوێت. کاتێک وشەی (ناسکە) تایبەت دەکرێت بە تەمەنی کەمی ڕەگەزی منداڵ بەمەبەستی دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و سۆزپێدان، فۆنێمی /س/ لەوشەکەدا بە چەندجار گۆکردن دەردەبڕدرێت و واتای ئایدیۆلۆژیی زمانی پیدەبەخشێت، لە وشەی (زەریف)دا، کە لە بنچینەدا ئەم وشەیە شێوەزاری هەورامیدا زیاتر بەکاریدەهێنن، بۆ دەرخستنی جوانی و کەشخەیی ڕەگەزیی مێ، کە تەمەنی مامناوەند بێت، واتە بەم دەربڕینە، ئەم وشەیە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی فۆنێمی /ێ/ەوە، واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوایی فیمینیزمی وەردەگرێت. لە وشەی (زەعیفە)شدا، بە دووبارەکردنەوەی فۆنێمی /ی/، واتای فەرهەنگیی وشەکە بۆ واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی دەگۆڕێت، کە ڕێکخراوە فیمینیزمییەکان، ئەم وشەیە بە ئیهانەکردن بۆ سەر ڕەگەزی مێ هەژماردەکەن. هەر لەسەر دووبارەکردنەوەی فۆنێمەکان، کاتێک بە مەبەستی دەربڕینی خۆشەویستی، بۆ ڕەگەزی مێ، بەتایبەتی تەمەنی پێگەیشتن، ئەم وشەیە بە دووبارەکردنەوەی فۆنێمی/ و/، واتای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی فیمینیزمی لە درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە وەردەگرێت.

## ٣-٢/١) ئایدیۆلۆژیی کۆزمانەوانی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییدا:

هەر وەک ئەوەی ئایدیۆلۆژییە زمانەوانییەکانی دیکە، لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییدا ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر بونیادنانی بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی هەیە. زمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە و کۆمەڵ کاریگەریی خستوەتە سەر ئەم جیاوازییانە. سەرجەم ئەم جیاوازیانەش لە ئایدیۆلۆژیی زمانیدا لە داڕشتەی زمانی کوردیدا بنەمای سەرەکیین، ئایدیۆلۆژیای زمانەوانی، بەشێکی گرنگیی کۆزمانەوانییە، تایبەتمەندییەکانی نێوان زمان و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە دەخاتەڕوو، یەکەم لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی بۆ جۆرە جیاوازەکانی زمان، کە چۆن زارێک بە ستاندارد، یان ناوچەی دابنرێت. دووەم لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو ڕێگایانەی، کە زمان وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵ و دروستکردنی شوناس بەکاریدەهێنێت. دەربڕینی فۆنێمەکانی زمانی کوردی یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی زمانی لە دەربڕینە کۆمەڵایەتیەکاندا، بە جۆرێک ((هەندێک سەگمێنت، وەک دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان دەردەکەون، فۆنێمی "واتا-گۆڕ" نیین، بەڵام پێواژۆی فۆڕمداڕشتنی فۆنۆلۆژیانەیان هەیە و پیتی خۆیانیان هەیە(گراف)، کە گرافیم نین. لێرەدا 'نگ' <نگ> لە دوو پیت پێکهاتوە، بەڵام بە هەردووکیان تەنها یەک گرافیم دەنوێنن. وەک وشەی (چنگاڵ)، کە لە (٥) پیت پێکهاتووە، بەڵام تەنها، لە چوار گرافیم دروستبووە.)) (محەمەد مەحوی، ٢٠١٦: ٤٢٩ ). لە کاتێکدا ((گرافیم بچووکترین یەکەی "واتا-جیاکەرەوە"ی زمانی نوسینە)) (سەرچاوی پێشو: ٤٧٨). دەربڕینی <<نگ>> لە ناوچەی سلێمانیدا لە ئەنجامی کاریگەریی دوو فۆنێمی /ن/ و /د/ دروست دەبێت، لە وشەکانی، وەک (دەربەند، دەستبەند، تەلبەند، گوڵبەند، مەڵبەند، خاڵبەند، ناڵبەند ...هتد)، لە کاتێکدا هەمان دوو فۆنێم لە ناوچەکانی تری زاری کوردیی ناوەندیدا بە شێوەی ئاسایی خۆیان گۆ دەکرێن بەبێ ئەوەی دەربڕاوی <<نگ>> درووستب بێت. جیاوازیی بەکارهێنانی فۆنێمەکانی زمانی کوردی، لە نێوان بەکارهێنەرانی یەک زار، یان لە نێوان بەکارهێنەرانی چەند زارێکدا بە شێوەی خشتە لە سەر گۆڕانی فۆنێمەکان و چۆنیەتیی گۆکردنییان، دەبێتە هۆی بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە بەمشێوەیە:

**خشتەی ژمارە (٣)**

**درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی**

| | بنەمای فۆنۆلۆژی | | شێوەزاری ناوچەی سلێمانی | شێوەزاری ناوچەی هەولێر و گەرمیان |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | گۆڕینی فۆنێمی | /ح/ بە /ع/ | عەلی، عاشق، عادەت، عارەق | حەلی، حاشق، حادەت، حارەق |
| | | /ڵ/ بە /ر/ | خەڵک، ماڵ، دوکەڵ، تاڵ، بەڵێ | خەرک، مار، دوکەر، تار، بەرێ |
| | | /ئـ/ بە / د/ | ئەکەم، ئەبەم، ئەخۆم | دەکەم، دەبەم، دەخۆم |
| | | /و/ بە /گ/ | وتار، وتن، | گوتار، گوتن |
| | | /ب/ بە /و/ | بەقوربان، بە ساقە، بە میوان، نەبو | وەقوروان، وەسیاقە، وەمیوان، نەو |
| | | /ک/بە /گ/ | کوڕەکان، سەربازەکان، وڵاتەکەم | کوڕەگان، سەربازەگان، وڵاتەگەم |
| | | /خ/ بە /غ/ | باخ، خەم، باخەڵ، خەمبار | باغ، غەم، باغەڵ، غەمبار |
| | | /و/ بە / ی/ | کردوە، زیندو، مردو، ماوە، ئوتو | کردیە، زیندی، مردی، مایە، ئوتی |
| ٩ | جێگۆڕکێی فۆنێم | | جگەر، جومعە، تەرزە، پشقل، کەروێشک | جەرگ، جوعمە، تەزرە، قشپل، کێروشک |
| ١٠ | زیادکردنی فۆنێم | | ورد، جرج، ئەی، کەی، براکەم، | خورد، جورج، ئەدی، کەینێ، برایەکەم |
| ١١ | کرتاندنی فۆنێم | | گۆرەوی، چوار، کوا، کەوت، گوێ | گۆری، چار، کا، کەت، گێ(جێ) |

لەم خشتەیەدا، فۆنێمەکان لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانیدا بنەمایەکی سەرەکیین، لە لایەن بەکارهێنەرانی ناوچە جیاوازەکانی زاری کوردی ناوەندییەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە، ئەم ئایدیۆلۆژییانە لە پێواژۆی درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە دەردەکەون و جیاوازیی بەکارهێنانیان لە کۆمەڵدا دەردەخەن، بەشێوەیەک جیاوازی گۆکردنی ئەم فۆنێمانە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییان رهەمهێناوە. لە نمونەکانەوە دەردەکەوێت، تەنها بەهۆی وردەکاری و ناوەڕۆکی فۆنێمەکانەوە زانیاریی دیکەی نازمانی درکپێدەکرێت. ئەمانەش پەیوەستن بە ئەزمونە بەرجەستەکراوەکەی ئاخێورانەوە. لە ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیدا، بنەمای زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی زانیاریەکانی لە فۆنۆلۆژییەکانەوە درککدەکرێن و بەرهەمدێن. جیاواز لەم تێگەیشتن و درکپێکردنی فۆنێمانە بواری بەکاربردنی فۆنێم و ئەلەفۆن لەنێوان زارەکاندا دێنەئاراوە، لە نمونەکانی سەرەوەدا، لە سەر بنەمای گۆڕینی فۆنێمەکان بابەتی ئەلەفۆنیش دێتە ناوەوە، وەک لە نمونەکانی ژمارە (٨)دا، گۆڕینی

فۆنێمەکانی ناو خشتەکەدا ڕوونکراونەتەوە، کە گۆڕینی فۆنێم لە نێوان دوو شێوەزاردا، بابەتی گۆکردنی ئەلەفۆن دێنێتە ئاراوە، هەریەک لە فۆنێمەکانی { (/ ڵ/ بە /ر/)، (/و/ بە /گ/)، (/ئـ/ بە /د/)، (/خ/ بە/غ/)، (/و/ بە /ی/)، (/ک/ بە /گ/)، (/ی/ بە /د/)}، کە گۆڕاون بە فۆنێمێکی دیکە بە ئەلەفۆنی هەمان فۆنێم لە شێوەزارەکەیتردا دادەنرێن. گەرچی وێنەی

هەریەک لەو گۆڕاوانە، لە بەکاربردنی هەمان زاردا، بە شێوەی فۆنێمی سەربەخۆ لە زماندا دەرکەوتوون، وەک فۆنێمێکی ئازاد ڕۆڵدەگێڕن، بەڵام جیاوازیی گۆکردن و دەربڕینی ئەم فۆنێمانە، لە شێوەزارە جیاوازەکاندا، ئاماژە بە چێوەیەکی دیاریکراو دەدەن و زانیاریی شێوەزاری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەلەفۆنەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بگەیەنێت، ئەگەر لە ناوچەی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا بەکاربرێن، ئەوکات ئەم ئەلەفۆنانەش چوارچێوەی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە و وەک فۆنێمی سەربەخۆ هەژماردەکرێن. ئەم جیاوازیی بەکاربردنە لە ناو یەک شێوەزاردا، یان چەند شێوەزارێکدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنۆلۆژییەوە، کاریگەریی لەسەر بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانی کۆمەڵایەتی هەیە. بەهەمان شێواز، هەر لەسەر بنەماکانی فۆنۆلۆژی، وەک لە نمونەکانی ژمارە(٩)ی (جێگۆرکێ فۆنێمەکان)ی ناو خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، شوێنی گۆڕینی هەر فۆنێمێک دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. ئەمە جگە لە بەدەستهاتنی زانیارییە زمانییەکانی شێوەزارێکی دیاریکراو. ئەم شوێن گۆڕینە ڕاستەوخۆ ئایدیۆلۆژیی زمانیی ئەو ناوچەیە دەردەخات. ئەمەش هەروەک لە گۆڕینی فۆنێمەکاندا ڕوونکرایەوە، لەم نمونانەدا بابەتی ئەلەفۆن، یان گۆڕێنی فۆنێم ڕوونادەن، بەڵکو تەنها بە جێگۆڕکێی فۆنێمەکانی وشەکە، شوێنی پێکهاتەی فۆنێمەکانی دەگۆڕێت و هەمان واتا دەگەیەن، بەڵام بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانی  کۆمەڵایەتی و ناوچەیی لە گۆکردنی فۆنێمەکانەوە درکپێدەکرێت، کە دەکرێت لە نێوان شێوەزارێک، یان چەند شیوەزارێکی یەک زاری دیاریکراودا ڕوودەدات. ئەمە جگە لەوەی، جێگۆڕکێی نێوان فۆنێمەکان لە نێوان دوو زمانی یەک کۆمەڵدا زۆرجار ڕوودەدات و بەهەمان شێوە ئەمەش یەکێکی ترە لە بونیادە ئایدیۆلۆژییەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر ئاستی زمان ڕوودەدات. لە کاتێکدا لە هەردوو زمانەکەدا بە یەک واتای دیاریکراو دێن، وەک لە  نێوان وشەکانی (بەفر، گەنم، کێو، ئەستێرە، خوا) زمانی کوردی و وشەکانی (برف، گندم، کوه، ستارە، خدا) فارسیدا درکپێدەکەین. بنەما فۆنۆلۆژییەکان، وەک دیاردەیەکی زمانەوانی، تەنیا بابەتی زمانەوانی نیین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئاخێوەرانە. هەروەها فرەزمانی لە کۆمەڵی کوردەواریدا پەیوەندیی بە پلەبەندی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. هەموو ئەم بنەما جیاوازانە، بەشداری لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا دەکەن. ئەوە نیشاندەدەن، زمان تەنیا پێڕەوێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزە، بۆ گەیاندنی ئایدیۆلۆژیی زمانی لە داڕشتەی زمانی کوردیدا.

### ٤-٢/١) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایین و ئایینزاکان لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژیدا:

ئەو ئایدیۆلۆژیایەی لە زمانی ئایینیدا چەسپاوە، کاتێک دەردەکەوێت، کە لە چاویلکەی (درکپێکردنی فۆنۆلۆژی)یەوە، واتە چۆنیەتیی پرۆسێسکردنی دەنگەکانی زمان لەلایەن گوێگرانەوە لە چۆنیەتی بیستن وگۆکردنیاندا لێکدەدرێنەوە. زمانی ئایینی تەنها لە ڕێگەی وشەوە هەڵگری واتا نییە، بەڵکو زۆرجار لە ڕێگەی فۆنۆلۆژییەوە، لە زۆرێک لە نەریتە ئاینییەکاندا، بەئەندازەی واتای وشەیی وشەکان ڕۆڵی هەیە. لە ڕێگەی بنەماکانی فۆنۆلۆژییەوە (هێز، ئاوازە، درێژکردنەوە، دووبارەکردنەوە، کرتاندن، جێگۆڕکێ ...هتد) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی ڕووندبێتەوە. لە ئیسلامدا کارەکیکردن (تەجوید) یاساکانی خوێندنەوەی قورئان بەڕێوەدەبات، تەنها پەیوەندیی بە بێژەکردنی دروستەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پاراستنی فۆنۆلۆژیی ئایینییەوە هەیە. ئایەتێک بە فۆنۆلۆژی هەڵە بخوێنرێتەوە، نەک هەر دەنگدانەوە ڕۆحییەکەی لەدەستدەدات، بەڵکو لە پەرستنیشدا بە کردەیەکی ناتەواو هەژماردەکرێت. لێرەدا فۆنێم دەبێتە سنورێکی تیۆلۆژی لە نێوان پەرستنی تەواو و ناتەواودا. درکپێکردنی فۆنۆلۆژی دەبێتە کردەیەکی قوڵی ئایدیۆلۆژیی زمانی. بە هەمان شێوە، بانگدان (بانگەواز بۆ نوێژکردن) دووبارەبوونەوەی، بە درێژایی ڕۆژ لە کۆمەڵی موسڵمانەکاندا، ئاوازێکی پیرۆز لە ژیانی گوێگردا بەهێزتر دەکات، ئاوازێک، کە هێندەی واتاکەی، ئەوەندەش ئاوازەکە واتابەخش دەبێت. (لە نەریتی (مەسیحی)دا بێژەکردنی نوێژی لاتینی، یان یۆنانی پێگەیەکی تایبەتیی هەیە. هەرچەندە زۆربەی جەماوەرە مۆدێرنەکان لە واتاکەی تێناگەن، بەڵام دووبارەکردنەوەی هەستکردن بە لێخۆشبوونی خودایی بونیاد دەنێت)( Eliade, M., 1959: 210) بۆ نموونە سرودەکان بۆ ئەوە داڕێژراون، ڕێز و نهێنی بڵاوبکەنەوە، نەک تەنها لە ڕێگەی واتاوە، بەڵکو لە ڕێگەی دەربڕینە بەردەوامەکانەوە. لەم ڕوانگەیەوە، فۆنۆلۆژیا کەشوهەوای پیرۆزی دەپارێزێت و پابەندی ئایینی جێبەجێدەکات. تیایدا زمانی لاتینی دەبێتە زمانی خودایی و قسەکردنی ڕۆژانە دەبێتە زمانی ئاسایی. ((هەر وشەیەک لە زمانێکی بیانییەوە بێتە ناو زمانێکی تر و فۆنەتیکی ئەو زمانە وەربگرێت، ئەوا دەبێتە بەشێک لەو زمانە. وەک ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز لە لایەن مامۆستایانی کوردەوە، بووەتە هۆی زیندوکردنەوەی چەندین وشەی ئایینی کوردی.))(سەلام ناوخۆش، ٢٠١٢: ٥٧) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی فۆڕمەکانی گوتار، لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکاندا دەگێڕێت. ((سروشتی وشەکانی قورئان و هاتنیان بۆ ناو زمانی کوردی، هەڵگری تەمومژن، زۆرجار تەمومژی زمانیی ئایینی، لای واعیزێکی ئایینی، دەبێتە سیحری وشە، لەبەر ئەوە، دەیەوێت زمانی ئایینی بکات بە چیرۆک و لە گوێگرەکانی بگەیەنێت، بۆیە ئەم میتافۆڕانە بە نەزانراوی لای دەمێنیتەوە و تەنها وەک پەنهانێکی خوایی لێیان دەڕوانێت. ئیتر لەم تەمومژەوە، دەتوانێت چەندین تەئویلی تر تیکەڵ بە ئایین بکات و بە ڕۆژگاری خۆیەوە گرێی بدات.))(بەهمەن تاهیر نەریمان،٢٠١٣: ٢٠). بەمشێوەیە، زمانی ئایینی ڕۆڵێکی چارەنوسساز، لە جیاکردنەوەی پیرۆزەکان، لە ناپیرۆزەکان دەگێڕێت. زۆرجار ئەم جیاکارییە لە پراکتیکەکاندا ڕوودەدات، کە تایبەتن بە چوارچێوەی ئایینییەوە، وەک ئەنجامدانی نوێژ لەناو هەر ئایینێکدا، ئاستی تێگەیشتن و ئەزمونی جیاواز هەیە. بۆ نموونە لە خوێندنی سورەتی فاتیحەی نوێژی موسڵمانان‌دا، خوێندنی وشەی (ولەزالین) لە کۆتایی سورەتی فاتیحەدا، لە لای کەسێکی خوێندەوار و شارەزا بە زمانی عەرەبی لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەواری کوردزمان، دەربڕینی فۆنێمی /ظ/ی زمانی عەرەبی لە جیاتی، فۆنێمی /ز/ی زمانی کوردی لە لایەن کەسی شارەزای زمانی عەرەبییەوە، بە ئاسانی دەتوانێت لە کاتی گۆکردنی ئەو وشەیەدا، گۆڕانکاری بە دەربڕینی فۆنێمی /ز/ی زمانی کوردی بکات، لەکاتێکدا کوردزمانە نەشارەزاکە، بە ئاسانی ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەر فۆنێمی /ز/ زمانی کوردی بکات، ((چونکە ڕاهاتنی گۆکردن بەو شێوازە ڕێگە بە جوڵانی زمانی نادات، کە بە بەشی سەرەوەی دەمەوە (مەڵاشو) بنوسێت و فۆنێمی /ظ/ زمانی عەرەبی دەربڕێت))(عمر، احمد مختار، ١٩٩٧: ٣٢٦)، ئاخێوەرانی زمانی کوردی (زاری کوردیی ناوەند)ی فۆنێمەکانی زمانی عەرەبی بە شێوەی ڕێزدارانە لە جێبەجێکردنی بۆنە ئایینییەکاندا بەکاردەهێنن. وەک خوێندنی وشەکانی قورئان، بەڵام ئەم جێبەجێکردنانە گۆڕانی فۆنێمەکانیان بەسەردادێت، کاتێک بە زمانی کوردی گۆیاندەکەن. بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی ڕۆڵی فۆنێمەکانی زمان لە بونیادنانی

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایین و ئایینزاکاندا لە ڕێگەی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا، بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەوە دەخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٤)**

**درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەی زمانەوانیی ئایینی**

| بنەمای فۆنۆلۆژیی | ئاخاوتنی ئاسایی | ئاخاوتنی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی ئایینی |
|---|---|---|
| هێز | آمین، نعبد، یعلم | ئا'''مین، نە'''عبد، یەع'''لەم |
| گۆڕین | احوال، الان ، اجل، قران، جزء | هەواڵ، ئەلعان، عەنجەڵ، قورعان، جزم |
| زیادکردن | مستقیم، صراط، ظاهر، امام، قربان، | موستەقیم، سیرات، زاهیر، ئیمام، قوربان، |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، هەریەک لە بنەماکانی فۆنۆلۆژیی، ڕۆڵی سەرەکی لە بونیادنانی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی لە درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە دەگێڕن، کاتێک ئاخێوەرێکی کورد ئەو وشانە، بە شێوەی خۆڕسکانە لە گۆکردنی فۆنێمەکاندا دەردەبڕێت. گۆڕانکاریی بەسەر فۆنێمەکانی زمانیی ئایینی (عەرەبی)دا دێت و بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینیی زمانی کوردی وەردەگرن. وەک لە نموونەکانی بنەمای فۆنۆلۆژیی "هێز خستنەسەر"دا دەردەکەوێت، بە هێزخستنە سەر فۆنێمەکان، گۆڕانی واتایی لە وشەکاندا دێتەئاراوە و بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانی، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە دەردەکەون. لە وشەکانی ناو خشتەکەدا "هێز" لەسەر فۆنێمی /ا/، لە وشەی (ئامین)دا واتای وشەکە لە وشەیەکی سادەوە بۆ واتای ئایدیۆلۆژی و مەبەستدار دەگۆڕێت و گۆڕینی واتایی بەدوادا دێت، کە بریتییە لەو گۆڕانە واتاییەی، ئاخێوەری باوڕدار لە ئاخێوەرێکی کەم باوڕدار، لە بەکارهێنانی هێز خستنەسەر فۆنێمی /ا/ دا دەردەکەوێت، واتە بە هێز خستنەسەر فۆنێمی /ا/ی وشەی (ئامین)ی کۆتایی سورەتی فاتحە لە نوێژەکاندا، وەک کردەیەکی پەرستن چاوەڕێی پاداشتی زیاتر دەکرێت، کە ئەمەش بوونی ئایدیۆلۆژیی لەسەر ئەم فۆنێمە درکپێدەکرێت. لە وشەی (نعبد)دا، ئاخێوەری کورد، کاتێک ئەم وشەیە گۆ دەکات، هێز لەسەر فۆنێمی /ن/ دادەنێت. بەمەش واتای وشەکە لە ئاخاوتنە کوردییەکەدا پێچەوانە دەبێتەوە و لە خشتەکەدا ئاماژە بە هێز خستنەسەر فۆنێمەکەمان دیاریکردووە، واتە بە هێز خستنەسەر فۆنێمی /ن/ و گۆکردنی بە شێوەیەک، کە لە وشەکە جیا دەبێتەوە و بە واتایی نەرێکردن، یان ئەنجامنەدان بەکاردێت. بنەما ئایدیۆلۆژییەکەی، بە گۆکردنی وشەی (نا)ی نەرێکردنەوە گرێدەدرێت. لە وشەی (یەعلەم)یشدا، بەهەمان شێوە لە دەربڕینی کوردیدا واتای وشەکە لە واتا ڕەسەنەکەی دووردەکەوێتەوە لە ڕێگەی هێز خستنەسەر فۆنێمی/ع/، لە ئەنجامدا بە واتای جیاواز لە واتا بنچینەکە گۆدەکرێت، کە ئەو واتا جیاوازەش لە بێڕێزکردنی وشەکاندا، لە زمانی کوردیدا بەکاردەبرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە بنچینەدا وشەی (یەع) لە زمانی کوریدا بۆ پیسی، یان ناخۆشی لە واتای فەرهەنگیدا بەکاردەبرێت، کاتێکش ئاخێوەر هێز لە سەر فۆنێمی /ع/ی وشەی (یعلم)ی عەرەبیدا دادەنێت، ئەوا ئەم واتا ئایدیۆلۆژییە، لەگەڵ وشەکەدا گرێدەدرێت و بنەمای بوونی ئایدیۆلۆژی لە وشەکەدا بەرجەستە دەبێت. هەر لە خشتەکەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، لە نمونەکانی بنەمای فۆنۆلۆژیی "گۆڕین"دا، لەم وشانەدا، گۆڕینی فۆنێمەکان لە لای ئاخێوەری کورد، بە شێوەیەکە ئەلەفۆنی ئەو فۆنێمانە لە جیاتی فۆنێمەکان لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێن، وەک ئەوەی، کە (هەمزە /ء/ فۆنێمێکی گیراوە، سەری قورقوراگە ئۆرگانی دروستبوونیەتی. جگە لە / ھ/ فۆنیمەکانی /ح/، /ع/ لە شوێنی دروستبوونی هەمزەوە نزیکن. ئەم دوو فۆنێمە قورگییان پێدەوترێت. یەکەمیان خوشۆکە (- دەنگدار)ە، فۆنێمی /ع/ دەنگێکی گیراوە (+دەنگدار)ە بۆیە نزیکیی شوێنی دروستکردنی هەمزە و /ع/، ڕێگە خۆشکەرە، بۆ ئەوەی ئەلتەرناسیون نیشانبدەن. هاوئۆرگانی هەمزە و /ح/ ڕێگەی داوە، هەمزە لە وشەیەکی، وەک(اول)دا جێگەی خۆی بە /ھ/ بدات، بۆیە وشەکە دەبێت بە (هەوڵ)، لە هەندێک وشەدا، هەمزە بۆ /م/ گۆڕاوە. وەک وشەی (جزء) بۆ (جزم)، کە (محەممەدی خال لە ڕاڤەکردنەکەی، بۆ چەند پارێکی قورئان، بە ناوی (تەفسیری خاڵ)ەوە، لە جێی (جزء)، (جزم)ی، وەک (جزمی عەمە) بەکارهێناوە. هەر لەسەر ئەم بابەتە بۆ نموونە، پیاوێکی ئایینی، یان ئامۆژگاریکارێکی ئایینی، ئەگەر لە قسەکردندا وشەی (مەلائیکەت) بەکاربهێنێت، ڕەنگە پێیان وابێت، دەبێت بە فۆڕمە قورئانییەکەوە پابەندبن و بە (ملائکة) گۆی بکەن، یان هەندێک نزیک لە فۆڕمەقورئانییەکەی و بیکەن بە (مەلائیکەت)، بەڵام بە گشتی لە ناو کۆمەڵدا، وەک فۆڕمە کوردێنراوەکە بەکاردەهێنرێت. کەواتە لێرەدا جۆری بابەندبوونە ئایینیەکە، کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی جۆری گۆڕدراوە فۆنیمەکان هەیە. یان کەسێک، وەک (محەممەد خال، دکتۆر محەممەد سەلاح، ئیبراهیم شەپول)، کە دێن (جەزم) لە جێگەی (جزء) بەکاردەهێنن، ئەوە لە ئایدیۆلۆژییە نەتەوەییەکەوە هاتووە، کە بۆ مرۆڤی کورد وا باشترە، فۆڕمە کوردێنراوەکان بەکاربهێنێت)(نەریمان، ٢٠١٣: ٨٢) ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە گۆڕینی فۆنێمەکان هەندێجار بۆ ئاخێوەرانی کورد، بە ناچارییە و هەندێکجار گۆکردنیشیان هەڵەی فۆنۆلۆژی دروستدەکات و دەبێتە هۆی هەڵەی مۆرفۆلۆژی و هەڵەی واتاییش. ئەم نموونانە ئەو ئایدیۆلۆژیاییە بونیاددەنێن، کە بە هەڵە خوێندنەوەی فۆنێمەکانی زمانی ئایینی، نەک هەر بە تەنها هەڵەی زمانەوانییە، بەڵکو هەڵەی پرستنیشە. بۆیە گۆڕانی فۆنێمەکان بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەوە دەردەخەن. بنەمای زیادکردنی فۆنێمیش، وەک هەر بنەمایەکی تری فۆنۆلۆژیی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕینی واتای وشەکان دەگێڕێت، کاتێک فۆنێمێک لەسەر وشەکان زیاددەکرێت، لە وشەکانی وەک (سیرات)دا، دەردەکەوێت، فۆنێمی /ی/ بۆ وشە ئاینیەیەکە زیادکراوە، کە لە ئەنجامی گۆکردنی کوردیی ئەم فۆنێمە بۆ وشەکە زیاددەبێت. لە وشەی (خوا)دا، بە گۆکردنی لە ناوچەی جیاوازدا، فۆنێمی /د/ لەسەر وشەکە زیاد دەبێت. ئەمەش جیاوازیی بەکارهێنانی فۆنێمەکانی زمانی کوردی، لە ناوچە جیاوازەکاندا دەردەخات، کە دەبێتە هۆی بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی. لە وشەی (ئیمام)دا، زیادکردنی فۆنێمی /ی/ یەکێکی ترە لەو گۆڕانانەی، کە دەبێتە هۆی بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینی، لە ڕێگەی زیادکردنی فۆنێمەکانەوە، لە وشەی (قوربان)دا، کاتێک ئاخێوەری کورد ئەم وشەیە گۆ دەکات، بەناچاری دەبێت پەنا بۆ زیادکردنی فۆنێمی /و/ بات. هەرچەندە لە زمانی عەرەبیدا (ئایینی)دا، ئەم فۆنێمە / و/ لە ڕێگەی (ضمە)وە بوونی هەیە، بەڵام وەک بەکارهێنانی لە زمانی کوردیدا دەرناکەوێت، لەم نموونانەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە فۆنێمەکان بێلایەن نین و لەلایەن ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایینییەوە و بەهێزتر ڕۆڵدەگێڕن. سەرەڕای ئەوەی، دامەزراوە ئاینییەکان، دەربڕینی فۆنۆلۆژیی دروست پیرۆزدەکەن، شارەزابوون لە گۆکردنی فۆنێمەکان، دەکەنە ڕێگایەک بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی ڕۆحی لە کۆمەڵدا.

### ٥-٢/١) ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژی لە درکپێکردنی فۆنۆلۆژییدا:

ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژی بە دیاریکردنی ڕێگاو ڕێبازی تایبەتیی قوتابخانەکانیان سەریانهەڵداوە و پەیدابوون. هەر قوتابخانەیەکی زمانەوانی، پاشخانێکی فەلسەفی تایبەت بە خۆی هەیە، لە ڕوانین لەبارەی سەرجەم دیاردە زمانییەکان و بەکاربردنە زمانەوانیەکان. بەمەش هەر قوتابخانەیەک بە پاشخان و تیۆرو ڕێبازی خۆیەوە، دەبێتە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی، لە دەربڕینی گشت بۆچونە زمانەوانییەکاندا.

هەر کاتێکیش زمانەوانێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا، پشت بە تیۆرو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەو قوتابخانەیە دەبەستێت، ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت، بەو پاشخانە فەلسەفی و تیۆری و ئایدلۆژییە زمانەوانیيانەی ئەو قوتابخانەیە نمایندەیی دەکەن. بەمەش هەم قوتابخانەکە و هەم ئەو زمانەوانەش پەیرەوی دەکەن، دەبنە بەشێک لە پەیرەوکەرانی ئەو ئایدیۆلۆژییە زمانەوانییەی قوتابخانەکە. لەمەڕ ئایدیۆلۆژیی زمانیی ئایدیۆلۆژیی سێ قوتابخانەی جیاواز شرۆڤەی زمانەوانییان بۆ کراوە، لەم پارەدا بە پشتبەست بەو شرۆڤەیە، کاریگەریی گۆڕینی فۆنێمەکان و ڕۆڵیان لە دەسنیشانکردنی ئایدیۆلۆژیی زمانیی هەریەک لەو قوتابخانانە دەخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٥)**

**درکپێکردنی فۆنۆلۆژییانەی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژیی**

| بنەمای فۆنۆلۆژی | قوتابخانەی بونیادگەری | قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
|---|---|---|
| گۆڕین | بونیاد، تاید | بونیات، تایت |
| | ئەکەم، عێراق، هەسپ، هورد | دەکەم، ئێراق، ئەسپ، ورد |
| | دەربارەی، بەرامبەر، خراپ | لەبارەی، بەرانبەر، خراب |
| کەمکردنەوە | بوون، ووریا، درووستنووسین، وولات | بون، وریا، دروستنوسیین، وڵات، |
| زیادکردن | شت، یەکەم، فونەتیک،زرنگەر | چشت، یەکهەم، فۆنەیەتیک، زیڕنگەر |

هەروەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، هەریەک لە بنەماکانی فۆنۆلۆژی و درکپێکردنیان لە ڕۆڵ بینینیاندا جیاوازی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی قوتابخانە زمانییەکان دەردەخەن، واتە هەریەک لەو بنەمایانەی فۆنۆلۆژیی، دەرخەری ئایدیۆلۆژیی بەکارهێنانی جۆرێکی جیاوازیی زمانەوانی، لە لایەن قوتابخانەی زمانییەوە، پشتگیریی بەکارهێنانیان دەکرێت، وەک لە بنەمای گۆڕینی فۆنێمدا دەرخراوە. ئایدیۆلۆژیی زمانیی قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری، پێداگری لەسەر شێوەیەکی جیاوازیی گۆکردنی فۆنێمەکان دەکەنەوە، کە بە پێچەوانەی قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکییەوەیە، هەریەک لە پەیرەوەکەرانی ئەم قوتابخانانە، بۆ بەکارهێنانی شێوەی تایبەتیی فۆنێمەکان، بەڵگەی تایبەتیی خۆیان دەخەنەڕوو. ڕاستی و ناڕاستیی بەڵگەکانی هەرکامێکیان پەیوەندیی بە گۆکردن و بەکارهێنانی فۆنێمەکانەوە لە ناوچە جیاوازەکاندا هەیە. ئەم درکپێکردنە، بۆ بەکارهێنانی فۆنێمەکانی زمانی کوردی، بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژی قوتابخانە جیاوازەکانی زمان دەردەخات، کە بە گۆکردنی و بەکارهێنانی هەرکام لە فۆنێمەکان ناسینەوەی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی قوتابخانەکان لەم ڕێگەیەوە ئاسان دەبێت. هەر بۆیە لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، ئەم بابەتە بە یەکێک لە بنچینەکانی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، کە لە ئایدیۆلۆژیی ئەم قوتابخانەیەدا ڕاستییەکی بنەڕەتیی فۆنۆلۆژی هەیە، کە ئەوەیە، دەنگەکانی ناو وشەکان نەگۆڕنین. ناجێگیری و گۆڕاوی فۆنۆلۆژی جارێکتیر ئاماژە بە ڕەهەندە بونیادنراوە درکپێکراوەکە دەکاتەوە، کە سەرچاوەی بونیادنانەکەیش بەکارهێنان و بونیادنانی تایبەتی و مەبەستداریی، بەکارهێنانەکە لەسەر فۆنۆلۆژی و فۆنێمەکانی زمانە، بۆ سەلماندنی ئەمەش، سەرنج لەوە بدەین دەنگەکانی زمان هەمیشە لە دەوروبەر و چوارچێوەی واتاداردا وەردەگیرێن، لە ناو وشەکانەوە دێن هیچکات لە چوارچێوەیەکی بێواتادا، بە تەنها دەرناکەون. (هەربۆیە ئەوەی، کە دەیبیستین و گوێمان لێدەبێت، تەواو هاوشێوەی ڕاستییە، یان خۆمان هاوشێوەی ڕاستییان دەکەینەوە. بۆ نموونە هەمان واتا، کە بۆ منداڵ بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ژن، پیاو، یان کەسانی تەمەن جیاوازدا بە جۆری تر دەنوسرێت، یان دەگوترێت. واتە شێوە و فۆڕمەکە، بەپێی کەس و دۆخ دەگۆڕێت. بەمشێوەیە دەنگەکانییش نوێنەرایەتیی ڕاستیی دەروونی و چوارچێوە جیاوازەکان دەکەن. بە کورتی لە فۆنۆلۆژیدا دوو ئەرکمان هەیە.

١- دەمانەوێت بزانین ڕۆڵی دەنگەکان لە بەخشینی واتادا چیە؟ ٢- چۆن دەنگەکان لە قسەکردندا بەکاردێن؟)( غەریب، ٢٠٢٣: ١٠٦) لەم نموونانەی خوارەوەدا، واتای وشەکان لە درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە ڕووندەکەینەوە، کە چۆن فۆنێمەکان ڕۆڵیان لە بونیادنانی واتای نوێدا هەیە:

١٢-أ/ شەڕ، گەڕ، مەڕ، لەڕ

ب/ ژێر، وێر، تێر، نێر

پ/ باڵ، ناڵ، تاڵ، خاڵ

لەم نموونانەی سەرەودا، فۆنێمەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بونیادنانی واتای نوێ لە هەر یەک لە وشەکاندا، لە نموونەی (١٢-أ)دا، بە تەنها گۆڕینی فۆنێمی /ش/ بۆ فۆنێمی /گ/، یان بۆ هەریەک لە فۆنێمەکانی /م/ و /ل/ جیاوازیی واتایی بەدەستهاتووە و بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی، لە درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە دەردەخرێت، خۆ ئەگەر لەم کردارەدا، بە گۆڕینی، فۆنێمەکان گۆڕانی واتایی دروستنەبێت، ئەوا جارێکی دیکە دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکرێتەوە، کە فۆنێمەکان هەرچەند یەکەی بێواتابن، بەڵام توانای گۆڕانی واتاییان هەیە، بۆیە لە لادانی هەر فۆنێمێکدا، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، هەر فۆنێمێک توانای گۆڕانی واتای هەیە. لە نمونەی (١٢-ب)دا، بە هەمان شێواز تەنها بە گۆڕینی یەک فۆنێم گۆڕانی واتای هاتوەتە ئاراوە. ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە بچووکترین یەکەی واتای زمان لە فۆنێمەکانەوە دەستپێدەکات، چونکە لە سەرەوە ئاماژەمان بە ئەرکی فۆنێمەکان کرد، کە ڕۆڵی دەنگەکان لە بەخشینی واتادا چییە؟چۆن دەنگەکان لە قسەکردندا بەکاردێن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسانە لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنێمەکانەوە دەتوانی،ن ئەو وەڵامەمان دەست بکەوێت، کە فۆنێمەکان ڕۆڵیان لە بەدیهێنانی واتای نوێدا هەیە، وەک لە نمونەی (١٢-پ)دا، جارێکی تر ئەوە دووپاتکراوەتەوە، کە فۆنێمەکان لە بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژیدا ڕۆڵیان لە هەریەک لە ئاستەکانی تری زمانەوانی کەمتر نییە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دەتوانین ئەوە بڵێن، کە (تەنها فۆنێمەکان نین، کە جیاوازیی واتایی دروستدەکەن، بەڵکو هەندێک جار، لە ڕێگەی ئەلەفۆنەکانیشەوە هەمان ئەرک و ڕۆڵیان دەبێت. ئەمەش پەیوەست دەبێت بە چۆنیەتیی درکپێکردنی فۆنێمەکان و ئەلەفۆنەکانی زمانی کوردییەوە، لە لای ئاخێوەرانی کوردەوە، چونکە ئاخێوەری زمانی کوردی، ئەو جیاوازییە بە ئاسانی درکپێدەکات و شارەزایی ئەوەی هەیە، لە چ کاتێکدا فۆنێم و ئەلەفۆنەکان بەکاربهێنێت)(ئامێدی، عبداللە یاسین، صالح، ئاوات محمد، ٢٠١٦: ١٢)، وەک:

**١٣-أ/ سەوزە، سابون، سەد = صەوزە، صابون، صەد**

ب/ دەستگا، دەستگیران، دەستگیر= دەزگا، دەزگیران، دەزگیر

لە نمونەی (١٣-أ)دا، نوسینی فۆنێمی /س/ وەک بەشێک لە دروست نووسینی وشەکانە، بەڵام لە کاتی گۆکردنی فۆنێمی /س/دا، ئەلەفۆنی /ص/ بەکاردەبرێت، لەبەرئەوەی، کە لە زمانی کوردیدا فۆنێمی/ص/مان نییە، بۆیە لە جیاتی ئەو فۆنێمە /س/ بەکار دەبرێت گەرچی تۆنی /ص/ گۆدەکرێت. لە نموونەی (١٣-ب)دا، لە جیاتی فۆنێمی /ز/ی گۆکردن، فۆنێمی /س/ ڕێنوس دەکرێت، جگە لەوەی پێش ئەم گۆڕانکارییە، کردەی کرتاندن بە سەرفۆنێمی /ت/دا هاتووە. واتە دوو کردەی گۆڕانی فۆنێم بەسەر وشەکەدا هاتووە. بەکارهێنانی ئەم فۆنێمانە و گۆکردنی ئەلەفۆنەکان، لە لایەن ئاخێوەرانەوە، لە پێکهاتەی واتادا ڕۆڵدەگێڕن، درک بە بنەمای ئایدیۆلۆژیی زمانەوانییان دەکرێت. بۆیە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی، لە ئەنجامی بەکارهێنانی فۆنێمەکانی زمانەوە،

گریدراوی بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانین. بوار، بە فۆنیمەکان دەدات، ئەو گۆڕانکارییانە لە بەکارهێنانیاندا ئەنجامبدەن. هەمیشە دەنگەکانی زمان لە چوارچێوەی واتادا وەردەگیرین و لە ناو وشەکانەوە دێن، بە واتایەکی دیکە، دەنگەکان هەمیشە لە ڕوانگەی پەیوەندییان بە سیمانتیکی فۆنیمەکانەوە وەردەگیرێن. هیچ کات سەربەخۆ و بێ واتا نابنە سەرچاوە ئەمە ڕاستیی فۆنیمەکانە. هەمووشیان بە خودی بواری درکپێکردنی ئاخێوەرانەوە پەیوەستدەبنەوە، شارەزایی تەواوەتییان لە چۆنیەتیی گۆکردن و چۆنییەتیی بەکارهێنانی فۆنیمەکانی زمان و بەهاپیدانیان لە کاتی ئاخاوتندا، بە پێی مەبەستی ئاخێوەر هەیە، دەبێتە بنەمای بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی، لە ڕێگەی درکپێکردنی فۆنولۆژییانەوە. ئەم بنەمایە پەیوەندیی بە سەرجەم ئاستەکانی زمانەوە هەیە. تەنها لە چوارچێوەی یەک ئاستی فۆنۆلۆژیدا نامێنێتەوە، بەڵکو بە هاوبەشی، لەگەڵ سەرجەم یەکە و پێکهاتەکانی تری زماندا دێنە بەرهەم.

## ئەنجام

ئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا خراونەتەڕوو:

١- بنەمای زیادکردنی فۆنیم، وەک هەر بنەمایەکی تری فۆنۆلۆژیی، ڕۆڵیکی سەرەکی لە گۆڕینی واتای وشەکان دەگێڕێت.

٢- درکپێکردنی فۆنۆلۆژی، دەبێتە کردەیەکی قووڵی ئایدیۆلۆژیی زمانی.

٣- بونیادی ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی لە داڕشتەی زماندا و لە ڕێگەی گۆکردنی جیاوازیی فۆنیمەکانەوە، دابەشکاری ناوچەیی دروستدەکات.

٤- ئایدیۆلۆژیی زمانەوانی بکرێتە بناوانی داڕشتنی ڕامیاری و زمانەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٥- ئایدیۆلۆژیی زمانی لە سەر بنەمای درکپێکردنی ئایدۆلۆژی، جگە لە شیکردنەوەی واتای فەرهەنگی، واتای نوێ دروستدەکات.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی زمانی کوردی:

غەریب، نالی ئەدهەم ،٢٠٢٣، درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

مەسعود محەمەد،٢٠٢١، شکۆی زمان، کۆی گوتارە زمانەوانیەکانی، ناوەندی ئاوێر،هەولێر.

خۆشناو عەزیز حەمامین،٢٠١٥، ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٧).

قادر، کاروان عمر، عەبدوڵا، گۆنا عومەر ٢٠١٧، درکپێکردنی بەجەستەکردن لە ڕێزماندا، گۆڤاری زانکۆی جیهان، بەرگی(٥)، ژمارە(٢).

قادر، کاروان عومەر، هاوکارەکانی، ٢٠١٧، پەیبردنی فۆنۆلۆژییانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی (٣)، ژمارە(٤).

ئەمین، وریا عومەر،٢٠٠٤، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوی ئاراس. هەولێر.

قادر، عادل ڕەشید ٢٠٠٨، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی-کرمانجی سەرو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مەحویی،محەمەد، أ، ٢٠٠٨، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، فۆنەتیک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

ساڵەح، دڵشاد غالی، حەمەسەعید، محەمەد عەبدولفەتاح، ٢٠٢٤، پێواژۆ فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا(دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١١)، ژمارە (١).

ئامێدی، عبداللە یاسین، صالح، ئاوات محمد، فۆنیم و کێشەی فۆنیم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی (١) ژمارە(١)ی ٢٠١٦.

### سەرچاوەی زمانی فارسی:

یوسف راد، فاطمه و سید محمد متشرعی ١٣٩٨، پول به زبان نو (کول یول)، چاپ چهارم، نشر هدف نوین، تهران.

### سەرچاوەی زمانی عەرەبی:

عمر، احمد مختار، ١٩٩٧، دراسة الصوت اللغوي، علم الكتب- القاهرة.

تفسير القرآن العظيم لابن كثير، تحقيق: سامي بن محمد السلامة، دار المعرفة – بيروت، لبنان، الطبعة الأولى ١٤١٩هـ – ١٩٩٨م.

### سەرچاوەی زمانی ئینگلیزی:

Eliade, M., 1959. The sacred and the profane: The nature of religion (Vol. 81). Houghton Mifflin Harcourt.

Blum, R. V., (2005), Cognitive Phonology in Construction Grammar, Analytic Tools for Students of English, Mouton De Gruyter, Berlin, New York.

Lakoff, G., 1990. The invariance hypothesis: Is abstract reason based on image-schemas.